# دۆسیەی فەڵەستینی

**کارۆ کاوە محمود**

# پێشەکی:-

(ئەگەر هەموو وڵاتانی عەرەبی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیلدا بەرپابکەن ئەوا هێشتا ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرپانابێت تا دۆسیەی فەڵەستین چارەسەر نەکرێت)
ئەمە بەشێکە لەوتارە مێژووویەکەی ئەنوەرسادات لە بەردەم کنێستی ئیسرائیلیدا لە ساڵی ١٩٧٧.

ئەگەر بڕوانینە کێشەو ناکۆکیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبینین کە زۆرینەی هۆکارەکانی ڕوودانی پەیوەستە بەناکۆکی ئیسرائیل لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە ئێمەی کوردیش زۆر تا کەم پریشکی ئاگری ئەو ناکۆکیانەمان بەرکەوتووە، زۆر گرنگە کە ئێمەی کورد ئاگاداری ناکۆکی و ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بین چونکە بەڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئێمە دەبێت، بەتایبەت ئاگاداری مێژوو و ڕووداوەکانی دۆسیەی فەڵەستینی بین، چونکە زۆرینەی زۆری ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ پەیوەستە بەدۆسیەی فەڵەستینیەوە.

دۆسیەی فەڵەستینی دۆسیەیەکی زۆر قوڵ تێکەڵاوە کە ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ چەندین سەدە لەمەوبەر، ئەم دۆسیەیە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان و داهاتوومان درێژەی دەبێت و بەردەوام دەبێت لە بەخشینی خوێنی نەوەکانی بەهۆی ناکۆکی و بەرژەوەندی زلهێزەکانەوە لەسەر خاك و دۆسیەکەی.

بۆیە لێرەدا دەمەوێت بەشێوەیەکی کورت و پوخت لەسەر دۆسیەکە بدوێم، بەشێوەیەك بتوانم بەرچاو ڕوونیەك و زانیارە سەرەکیەکان ببخشمە خوێنەران.چونکە ئەوەی من لە کتێبخانەی کوردیدا دەیبینم کەمی نوسین و بڵاوکراوەیە لەسەر ئەم دۆسیە گرنگە کە پەیوەستە بەدۆسیەی کوردیشەوە، هەردوو گەل لە زوڵم و داگیرکار و پیرۆزی دۆسیەکەیان هاوشێوەن.

هیوادارم توانیبێتم تینوێتی خوێنەرانم شکاندبێ.

**نادیار گومان دروستدەکات**

**گومان دوژمن دروستدەکات**

**دوژمن کینە و ڕق دروستدەکات**

**سەرەتا...**

جەنگی جیهانی یەکەم ئەو ڕێڕەوەیە کە تێیدا مێژووی نوێی مرۆڤایەتی و نەخشەی جیهانی گۆڕی.

کە تێیدا کێکە گەورەکە (دەوڵەتی عوسمانی) لە نێوان زلهێزەکاندا پارچە پارچەکرا. لە ناوەڕاستی جەنگەکەدا و لە ساڵی ١٩١٦ دا ڕێکەوتنامەی (سایکس-بیکۆ) لە نێوان ئینگلیزو فەڕەنسادا دەکرێت بۆ دابەشکردنی ولایەتی بەغداد و بەسرە و ئەردەن بەسەر ئینگلیزدا، دابەشکردنی ولایەتی موسڵ و باشووری ئەنادۆڵ و سوریا و لوبنان بەسەر فەڕەنسادا.

لەم نێوانەدا فەڵەستین مایەوە کە فەرەنسا و ئینگلیز لەسەر خاوەندارێتی کەوتنە ناکۆکیەوە، چونکە خاکی فەڵەستین گرنگیەکی زۆری بۆ هەردوولا هەبوو بەهۆی پێگەکەیەوە، وەهەروەها نزیکی لە کەناڵی سوێس و بەستنەوەی ڕۆژهەڵات بە دەریای سپی ناوەڕاستەوە. لەو کاتەدا ئینگلیز بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆیان لە فەڵەستین دا بەرامبەر فەرەنسیەکان لە جوولەکە باشتری نەدۆزیەوە بۆ شکانەوەی هاوکیشەکە لە بەرژەوەندی ئینگلیزدا.

ئینگلیز درکی بەوە کردبوو کە کلیلی چارەسەری کێشەکەی جوولەکەکانن. لێرەدا خوێنەر ڕادەگرم و دەیگەڕێنمەوە بۆ سەرەتاکانی جەنگی جیهانی یەکەم.

حایم وایزمان ڕێبەری جوڵانەوەی زایۆنیزمە بۆ جوڵاندنی کەیسی دەوڵەتی جوولەکە دەیویست خۆی لە دەسەڵاتدارانی ئینگلیز نزیك بکاتەوە،توانی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ وەزیرو بەشێکی بەرچاو لە دەسەڵاتی ئینگلیز ببەستێت.

حایم وایزمان زیرەکبوو، چونکە دەیزانی گرنگترین شت لای ئینگلیز بەرژەوەندی خۆیەتی، بۆیە زیرەکانە توانی وابکات سیاسەتی بەرژەوەندی خوازی ئینگلیزی بۆ بەرژەوەندی جووڵانەوەی نەتەوەیی جوو بەکاربهێنێت.

مارك سایکس لە ڕێکەوتنی سایکس بیکۆ ناڕازیبوو بۆیە دەیویست پاڵپشتی جوولەکەکانی جیهان بۆ سیاسەتەکانی بەدەستبێنێت. توانی دڵسۆزی سەرکردە زایۆنیەکان بۆ خۆی دەستەبەربکات بەڵام نەگەیشتە هیچ ڕێکەوتنێکی نوسراو تا ساڵێك دواتر.

لە ساڵی ١٩١٧ دا بارودۆخی جەنگ گۆڕانی خێرایی بە خۆیەوەبینی سوپای ئینگلیز لە باشووری فەڵەستیندا بەسەر بیابانی سینادا زاڵبوون،وە هەستیش بە بەرپاکردنی شۆڕش

بەلشەفیەکان و کشانەوەی سوپای ڕوسیا لەناوچەکەدا دەکرا.ئەمەش وایکرد حکومەتی ئینگلیزی بە خێرایی بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ زایۆنیستەکاندا بچێتەوە، لەهەمانکاتیشدا دەیویست دڵسۆزی جووەکانی ڕووسیا بۆ خۆی ڕاکێشێت.حایم وایزمان (کە دواتر دەبێتە یەکەم سەرۆکی ئیسرائیل) بە بنەچە ڕووسی بوو ئەمەش وایکرد زیاتر بچێتە پێشەوە، هەرلەوساڵەشدا بۆ یەکەمجار مارك سایکس چاوی بە حایم وایزمان دەکەوێت. مارك وایزمانی بەدڵبوو پێی وابوو ئەو ئەوکەسەیە کە مەبەستیەتی بۆیە کۆبوونەوەیەکی گرنگ لە نێوان وایزمان و جۆرج پیکۆی فەرەنسیدا ڕێکدەخات مەبەستیشی لەم کۆبوونەوەیە بۆ ڕازیکردنی فەرەنسا بوو لەسەر کەیسی جوو لە فەڵەستیندا و تێگەیاندنی فەرەنسا کە جوو یارمەتیدەرێکی سەرەکی هاوپەیمانانن لە جەنگەکەدا بەڵام بەو مەرجەی ئینگلیز دەسەڵاتی تەواوەتی لە فەڵەستیندا هەبێت (واتە بەکارهێنانی کەیسی جوو وەکو ڕووکەشێك).

لە حوزەیرانی ١٩١٧ دا ئارسەر باڵفۆری وەزیری دەرەوەی ئینگلیز داوا لە وایزمان دەکات کە داواکاری جوڵانەوەی زایۆنیزمە لەسەر وەرەقەیەك بداتێ بۆ ئەوەی بتوانێت لە حوکمەت و پەرلەمانی بەریتانیادا شەرعیەت بە داواکاریەکانیان بدات.

بۆ ئەم مەبەستە سەرکردەکانی زایۆنی چەندین کۆبوونەوە و ڕەشنووسی جیاوازیان وەکو داواکاریەکانیان نووسی بەڵام هیچ کام لە ڕەشنووسەکان کۆدەنگی تەواوی لەسەر نەدرا.

بەڵام دوای تەداخولی ئەمەریکا و ئارسەر خۆی توانیان پەیمانامەیەك پێشکەشی ئارسەر بالفۆر بکەن و ئەویش لە ١٩١٧/١١/٢ پەسندی بکات.

کە بە پەیماننامەی باڵفۆر ناسراوە کە پێکدێت لە ٦٧ پیت و جەخت لە پێدانی دەوڵەتێکی نەتەوەی یەهودی لەسەر خاکی فەڵەستین بە جوولەکەکان دەکاتەوە. لە کاتێکدا نە خاکەکەی موڵکی ئینگلیزە تا بیبەخشێت وە نە زایۆنیزمەکان خەڵکی ئەوێن تا خاکەکەیان پێبدرێتەوە.

پەیماننامەی باڵفۆر ڕاستەوخۆ لەلایەن فەڵەستینی و عەرەب و جیهانی ئیسلامیەوە ڕەتکرایەوە، ئەمەش وایکرد چەندین خۆپیشاندان و ڕاپەڕین لە دژی سیاسەتی ئینگلیز و زایۆنیەکان بەرپابکرێت.

(دوای باڵفۆر)

پەیماننامەی باڵفۆر ڕێگای لەبەردەم کۆچی بەلێشاوی جوولەکەکان لە سەرانسەری جیهانەوە بۆ خاکی فەڵەستین کردەوە کە ئەمەش یەکەم لێشاوی جوونیە بۆ فەڵەستین بەڵکو مێژووی

کۆچی جوو بۆ خاکی فەڵەستین بەڵکو مێژووی کۆچی جوو بۆ خاکی فەڵەستین دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەهەم.

بەجۆرێك تا جەنگی جیهانی یەکەم ڕێژەی جوولەکە لە خاکی فەڵەستیندا (٨%) بوو بەڵام دوای باڵفۆر لێشاوی کۆچی جوولەکە زیادیکرد کە ئەمەش بووە هۆی تووڕەبوونی عەرەب و فەڵەستینیەکان و ڕێگای لەبەردەم چەندین پێکدادانی خوێناویی و خۆپیشاندان و ڕاپەڕین دژی جووەکان کردەوە.

یەکەم ڕاپەڕینی فەڵەستینی ڕاپەڕینی پێغەمبەر مووسا بوو لە ساڵی ١٩٢٠دا، دواتر ڕاپەڕینی یافا لە ساڵی ١٩٢١دا، ڕاپەڕینی بوراف لە ساڵی ١٩٢٩دا، خۆپیشاندانی گەورەی قودس لە ساڵی ١٩٣٣دا.

ڕاپەڕینی گەورەی فەڵەستینیەکان(١٩٣٦-١٩٣٩) کە گشت ناوچەکانی فەڵەستینی گرتەوە. جوولەکەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فەڵەستینیەکان چەند گروپێکی چەتەییان دروستکرد وەکو

١- هاگانا لە ساڵی (١٩٢٠) بەسەرکردایەتی ئیسحاق ڕابین.

ڕابین دەستی لە چەندین کوشتن و تاواندا هەبوو، لە ساڵی ١٩٩٢ دەبێتە سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل.

ڕابین هەڵگری خەڵاتی نۆبڵی ئاشتیش بوو.!

٢- ئارگۆن لە ساڵی ١٩٣١بەسەرکردایەتی مێناحیم بێگن دروستبوو.

بێگن لە لیستی تیرۆری بەریتانیا دابوو وەدەستی لە کوشتنی خەڵکی بێتاواندا هەبوو.

بێگن لە ١٩٧٧دا دەبێتە سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل و پاشان براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی!

٣- شتێرن لە ساڵی ١٩٤٠ بەسەرکردایەتی ئیسحاق شامێر دامەزرا.

شامێر لە ساڵی ١٩٨٣دا دەبێتە سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل.

٤- پاڵماخ لە ١٥-٥-١٩٤٥ دامەزرا.

ئەم ڕێکخراوە تاوانکاریانە دەستیان لە کوشتنی چەندین کەسی بێتاواندا هەبووە، بۆ نموونەش تەقاندنەوەی هۆتێل داود لە ساڵی ١٩٤٦.

کوشتارگەی دێر یاسین لە ساڵی ١٩٤٨دا.

ئەم ڕێکخراوانە بۆ یەکەمجاربوو ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو بەکاربێنن لە مێژووی تیرۆردا، لەگەڵ چەندین جۆرو ڕێگای دیکەی تیرۆر.

ئیبراهیم ئەحمەد لە دیمانەیەکیدا دەڵێت چاوەڕوانی کتێبێکی گرنگ بووم لەسەر مێژووی کورد وەهەر تەنها ئەو کۆپیەشی مابوو، ڕۆژنامەنووسێکی بیانی بەڵێنی پێدام کە بۆم بهێنێت بەڵام پێش ئەوەی کتێبەکەم پێبگات لە تەقینەوەکەی هۆتێل داود لەناودەچێت.

ئەمەش شانسی کورد..

لە ساڵی (١٩٣٧) حکومەتی بەریتانی لە ئەنجامی ڕاپەڕینی گەورەی فەڵەستینیەکان ناچاردەبێت لێژنەیەك بەناوی (peel) پێکبهێنێت بۆ چارەسەری ناکۆکی نێوان جووەکان و فەڵەستینیەکان.
لیژنەکە پێشنیاری دابەشکردنی خاکی فەڵەستین بۆسەر دوو دەوڵەتی یەهودی و فەڵەستینی پێشکەشی فەڵەستینیەکان دەکات بەومەرجەی قودس لەژێردەسەڵاتی بەریتانیادا بمێنێتەوە.

جوولەکەکان تەنها٥,٥% خاکی فەڵەستینیان بەدەستەوەبوو، لەکاتێکدا ئەو دەوڵەتەی لێژنەکە بۆی دیاری کردوون٣٣% خاکی فەڵەستین بوو. فەڵەستینیەکان ئەم پێشنیارەیان ڕەتکردەوە.

لەساڵی(١٩٤٦) دا بەریتانیا بەیاننامەیەکی بەناوی (کتێبی سپی) پێشکەشکرد کە تێیدا داوای دەکرد کۆچی جوولەکە بۆ فەڵەستین ڕابگیرێت لە ماوەی ٥ ساڵدا وەهەروەها داواشیدەکرد بۆ دروستکردنی دەوڵەتی فەڵەستینی لە ماوەی ١٠ ساڵدا.

زایۆنیەکان ڕەتیانکردەوە و چەتەکانیان دووبارە دەستیان بەکوشتن و تاوانکاری و ڕووخانی ماڵی فەڵەستینیەکان کردەوە.

لەساڵی(١٩٤٧) دا نەتەوەیەکگرتووەکان بڕیاری (١٨١)ی خۆی دەرکرد سەبارەت بەچارەسەرکردنی کێشەکە، ئەویش بەدابەشکردنی خاکی فەڵەستین بۆ دوو دەوڵەتی فەڵەستینی و یەهودی بەمەرجێك قودس لەژێرچاودێری نێودەوڵەتیدا بێت.

ئەم بڕیارە نەتەوەیەکگرتووەکان و یەکێتی سۆڤیەت و ئەمەریکا قبوڵیان کرد. بەڵام فەڵەستینی و زایۆنیەکان ڕەتیان کردەوە.

بڕیاری(١٨١) پێشنیاری پێدانی ٥٦,٥%ی خاکی فەڵەستینی بە دەوڵەتی یەهودی دەکردەوە لەکاتێکدا جووەکان تەنها ٦,٥ %ی خاکی فەڵەستینیان لەژێردەستدابوو.!

## ڕێگاکانی دروستبوونی ئیسرائیل

لەساڵی ١٧٩٩دا ناپلیۆن دەیویست ڕێگەیەك بدۆزێتەوە بۆ زیادکردنی هەژموونی فەرەنسا بەسەر جیهاندا، بەڵام ئینگلیز ڕێگربوون لەبەردەم گەشەی هەژموونی فەرەنسا. بۆیە لەوساڵەدا ناپلیۆن بڵاوکراوەیەکی بڵاوکردەوە و بانگەوازی بۆ گشت جوولەکەکانی جیهان کرد کە کۆچبکەن بۆ فەڵەستین لەژێر ئاڵای فەرەنسادا، بەڵام ناپلیۆن شکستی هێنا.

لەساڵی ١٨٤٠دا ئینگلیز کەوتە بیرکردنەوە بۆ کۆچکردنی یەهود بۆ فەڵەستین هۆکارەکەشی ڕێگریکردن بوو لە محمد عەلی والی ئەوکاتی میسر و سودان کە ساڵانێکبوو دەیویست شام و میسر بکات بە یەك وڵات، ئەم پلانە محمد عەلی ئەگەر سەربیگرتبایە گورزێکی کوشندە دەبوو بۆ بەرژەوەندیەکانی ڕۆژئاوا بەتایبەت بەریتانیا، ئینگلیز توانی قۆناغ بە قۆناغ ئەو خەونەی محمد عەلی لەناوببات، هەربۆیە زوو لە ساڵی ١٨٣٣دا بەریتانیا یەکەم کۆنسوڵگەری خۆی لە قودس کردەوە وەکو ئامادەکاریەك بۆ هێنانی جوولەکە بۆ فەڵەستین، چونکە فەڵەستین ڕێگای نێوان میسرو سوریایە بە گرتنی فەڵەستین دەتوانی بەربەستێکی گەورە لە نێوان میسرو سوریا دروستبکەیت کە ئەمەش پێچەوانەکەی خەونەکەی محمد عەلی بوو بۆیە ئینگلیز توانی لە ساڵی١٨٤٠ بە ڕێکەوتنامەی لەندەن شکست بەوخەونەی محمد عەلی بهێنن. بەڵام ئەو خەونە دوای ساڵانێکی زۆر جەمال عەبدولناسر کردی بەڕاستی کە توانی لە ساڵی ١٩٥٨دا میسرو سوریا بکات بەیەك وڵات لەژێرناوی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو.

ساڵی ١٨٤٠، وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ئینگلیز(پاڵمێرستۆن) نامەیەك بۆ باڵیۆزی بەریتانیا لە ئەستەنبۆڵ دەنێرێت و پێی دەڵێت لەسەرتە سوڵتان و دارودەستەکەی ڕازیبکەیت کە حکومەتی بەریتانیا کاتەکەی پێ باشە بۆ کۆچی جوولەکەکانی جیهان بۆ فەڵەستین (لەوکاتەدا تەنها ٣ هەزار جوولەکە نیشتەجێی فەڵەستین بوون).

جوولەکەکان وەڵامدانەوەیان بۆ پەیامەکەی وەزیری دەرەوە هەبوو، یەکێك لەوانەی بەدەنگی بانگەوازەکەوە هات (ئێرمۆند ڕۆچڵدی) سەرمایەداری جوو کە چوارجار سەردانی

فەڵەستینی کرد و بڕی ١٤ ملیۆن فرانکی تەرخانکرد بۆ دروستکردنی ٣٠ نیشتنگەی جوو لەسەر خاکی فەڵەستیندا.

لەساڵی ١٨٨٥بۆ یەکەمجار دەستەواژەی سەهیۆنی (زایۆنی) لەسەر دەستی نوسەری نەمساوی (ناتان بین باو) دەرکەوت.

وشەی سەهیۆن لەناوی بەرزایەکی نزیك شاری قودس کەناوی سەهیۆنە. بەمشێوەیە کۆچی جووەکان و دروستکردنی دەوڵەتێکی جوڵانەوەی سەهیۆنی دروستبوو کە ئامانجی نەتەوەیی تایبەت بوو بە جووەکان لەسەر خاکی فەڵەستیندا.

لەساڵی ١٨٩٦ ڕۆژنامەنووسی زایۆنی تیۆدۆر هێرتزڵ کتێبێکی بەناوی دەوڵەتی جوولەکە بەزمانی ئەڵمانی بڵاوکردەوە.

ساڵی دواترلە ١٨٩٧ یەکەم کۆنگرەی زایۆنی بەسەرکردایەتی هێرتزڵ لە (بازڵ-سویسرا) بەسترا، ئامانجی سەرەکی کۆنگرەکە دروستکردنی دەوڵەتێکی تایبەت بە جوولەکە بوو.

لەساڵی ١٩٠٧، حایم وایزمانی بەڕەچەڵەك ڕووسی سەردانی فەڵەستینی کرد بەمەبەستی کڕین و پەرەپێدانی زەوییەکان کە بێگومان ئەمەش بەهاوکاری خێزانی دەوڵەمەندی ڕۆچێلد بوو.

لەساڵی١٩١٠، وایزمان توانی گرێبەستێکی گەورەی کڕینی زەوی لەگەڵ بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندی لوبنانی ئیمزابکات، لەم گرێبەستەدا وایزمان توانی هەزاران دۆنم لەناوچەی (مرج بن عامر) لەو خێزانە بکرێت، کە ئەوانیش پێشتر لە ئەفسەرەکانی سوپای عوسمانیان کڕیبوو. لەو زەویانەدا زیاد لە ٦٠هەزار خێزانی فەڵەستینی ئاوارەکران لە گرێبەستێکی نێوان بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندی لوبنانی نیشتەجێی ئەوروپا و سەرمایەداری زایۆنی. دواتر بەهۆی ناکۆکی و پێکدادانی عەرەب و جووەکان، جوولەکەکان هەستان بەدامەزراندنی دەستەیەکی پاسەوانی بەناوی (هاشومێر) لەساڵی ١٩٠٩دا کە ئەرکیان پاراستنی نیشتنگە جووەکان بوو.

لەساڵی ١٩١١ جووە هاوردەکان خۆپیشاندانیان دژی حکومەتی عوسمانی کرد بەمەبەستی بەڕەسمی ناساندنی زمانی عیبری.

لەساڵی ١٩١٧دا مانگێك دوای پەیماننامەی بەڵفۆر سوپای ئینگلیز قودسی داگیرکرد بەهاوکاری فەیلەقێکی جووی سەربەسوپای ئینگلیز.

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم و دابەشکردنی ناوچەکە لەنێوان فەرەنسا و ئینگلیز، بەریتانیا لە ساڵی١٩٢٠ یەکەم حاکمی خۆی بۆ فەڵەستین دانا کە ئەویش هێربێت سامویێلی زایۆنی بوو کە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە ڕێکەوتنامەی بەلفۆر وە هەروەها دەستێکی باڵای هەبوو لە ساڵی ١٩١٥ دا بۆ نزیک کردنەوەی وایزمان و حکومەتی بەریتانی بەهۆی پێگەکەیەوە کە ئەوکات وەزیر بوو لە حکومەتی ئینگلیزدا. لەماوەی ساڵانی سییەکانی سەدەی ڕابردوودا ناکۆکی و پێکدادانی فەڵەستینی و جووەکان گەیشتە لوتکە.

پارتە فەڵەستینیەکان کە شەش پارتبوون هەستان بەدروستکردنی لیژنەیەکی هاوبەش بەناوی لیژنەی عەرەبی باڵا، دواتر بەریتانیەکان لیژنەکەیان هەڵوەشاندەوە و پێنج لە سەرکردەکانی لێژنەکەشی ڕەوانەی مەنفا کرد. لە ئۆکتۆبەری ١٩٣٧دا ئەمین حوسێنی موفتی قودس بەرەو لوبنان هەڵات.

بەم شێوەیە گەلی فەڵەستینی بەبێ سەرکردایەتی مایەوە، بەڵام بەرەنگاری گەلی فەڵەستینی دژی داگیرکاری نەوەستا.

لەجەنگی جیهانی دووهەمدا جووەکان بە ١٥ هەزار چەکدارەوە لە ڕیزی سوپای بەریتانیا دا بەشداری جەنگیان کرد. کە ئەمەش دەرفەتێکی زێرین بوو بۆ زایۆنیەکان بۆ پەرەپێدان بە توانا سەربازیەکانیان کە ئەم پێشکەوتنە سەربازیە بەڕوونی لە ڕێکخراوی هاگانا دەبینرا کە وەکو سوپایەکی فەرمی لێهاتبوو تەنانەت خاوەنی هێزی ئاسمانی تایبەت بەخۆشی بوو.

لەماوەی جەنگدا هەواڵگیری جوو هەستان بەکۆکردنەوەی زانیاری لەسەر گشت گوندە فەڵەستینیەکان مەبەست لەمەشدا بۆ دۆزینەوەی ڕێگای دەرکردنیان بوو لە پاش جەنگ دێهاتە فەڵەستینیەکان بەدڵی پاکەوە پێشوازیان لە زایۆنیەکان دەکرد بەڵام ئەوان ئەم دڵ پاکیەیان قۆستەوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەریان.

هەرلەکاتی جەنگدا جووەکان هەستیان بە بەهێزی ئەمەریکا و سەرکەوتنەکانی دەکرد بۆیە بڕیاریاندا قورسایی کاروچالاکیان لە بەریتانیاوە بگوازنەوە بۆ ئەمەریکا، کە ئەمەش سپڵەیی و خۆویستی زایۆنیەکان باش دەردەخات بەوەی کە هەرگیز ناتوانی متمانەیان پێبکەیت.

لەساڵی ١٩٤٢ زایۆنیەکان کۆنگرەی باڵتیمۆریان لە نیویۆرك بەست و بڕیاریاندا کە چالاکی خۆیان بگوازنەوە ئەمەریکا.

لەساڵی ١٩٤٤ لە (ئەتڵەنتا- ئەمەریکا) کۆنگرەی زایۆنیەکان بەسترایەوە ئەمجارە جەختیان لەچوونە دەرەوەی سوپای بەریتانیا دەکردەوە لە فەڵەستین.

لەساڵی ١٩٤٥ هاری ترومان ڕازیبوو بۆ کۆچکردنی ١٠٠هەزار جوولەکەی ئەمەریکی بۆ فەڵەستین. دوای ئەوەی جووەکان یارمەتیان دا لە کەمپینی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکادا بەبڕی ٢ ملیۆن دۆلار. هەرلەهەمان ساڵدا بەهۆی هاوکاری سەرمایەدارە جووەکان ڕێکخراوی هاگانا توانی خۆی چەك بۆ خۆی دروستبکات.

پاش جەنگی جیهانی دووهەمیش زایۆنیەکان ڕاستەوخۆ دەستیانکرد بە دانانی:

١- حکومەتی جوو

٢- ئەنجوومەنی باڵای نیشتیمانی

٣- دانانی دەستەی سوپاسالار

٤- ئەنجوومەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری

٥- ئەنجوومەنی کاروباری دەرەوە

٦- ئەنجوومەنی یاسایی بۆ ئەوەی دادگاکان سەربەخۆبن و پڕۆژەی دەستووری کۆماری عیبری بنووسنەوە.

ئەمەش دەرخەری خەمخۆری و دڵسۆزی زایۆنیەکانە بۆ خەباتەکەیان بە پێچەوانەی گەلانی دیکەی ناوچەکە بە ئێمەی کوردیشەوە کە هەمیشە خەریکی جەنگی ناوخۆیی و یەکترشکاندن بووین. لێرەدا هەندێك هەڵوەستە لەسەر یادەوەریەکانی مناحێم بێگن دەکەم کە باسی خەباتی خۆیان دەکات.

بێگن دەڵێت فێربووین کە بەشەڕی ڕزگاری دەتوانرێت سەربەخۆیی مانابەخش و سیاسەت و دەنگی نێودەوڵەتی بجوڵێنرێت و ئازادی بۆ گەلە چەوساوەکان دێنێت. بەڵام هەر بێگن بوو دژی ئەم قسانەی خۆی وەستایەوە و کەوتە دژایەتی فەڵەستینیەکان کە شەڕیان بۆ ئازادی دەکرد.

## تێڕوانینی بێگن لەسەر شەڕی ناوخۆ و براکوژی:

مناحیم بێگن لە کتێبی (یاخیبوون) دا لەسەر شەڕی براکوژی دەڵێت، لەکاتی کشانەوەی بەریتانیا لە فەڵەستین هیچ جەنگێکی ناوخۆیی لە نێو جووەکاندا ڕوویندا کە ئەمەش دەستکەوتیکی گرنگ بوو بۆ جووەکان.

چونکە میژوو فێری کردووین لە دوای هەرجەنگێکی ڕزگاریخوازی شەڕێکی خوێناوی لەگەڵیدا هەڵگیرساوە. ئەم یاسایە سەری گاندیشی خوارد. ئەو گاندیەی کە ڕابەری شۆڕشی ناتوندوتیژی بوو کەچی هەرخۆشی بووە قوربانی.

لەهەندێ گۆشە نیگاوە ڕووخانی ڕژێم وەکو بومەلەرزە وایە. تەنانەت دوای قەومانی بومەلەرزەکەش زۆرجار زنجیرەیەك ڕاچەنینی ژێرزەمینی بەدوادا دێت.

بەریتانیەکان پێشبینی جەنگی عەرەب و جوولەکەیان کردبوو پاش کشانەوەیان لەمەیان ڕاستبوون، بەڵام بۆ پێشبینی جەنگی نێوخۆی جوولەکە هەڵەبوون.

### دوو هۆکار ئێمەیان لە جەنگی نێوخۆی پاراست:-

١- ئێمە جەنگاوەرەکانی خۆمان (ئێرگۆن) وافێرنەکردبوو ڕقیان لە ڕکابەرە سیاسیە جووەکان بێت.

٢- کێشەی دەسەڵات، ئێمە لە خەباتی ژێرزەمینیەوە لە پێناو دەسەڵاتی جوولەکەدا دەجەنگاین.خودی خۆمان خەمی دەسەڵاتمان نەبوو نە بیرمان لەدەسەڵات دەکردەوە نە هەوڵیشمان بۆ دەدا

**لەدوای کۆنگرەی باڵتیمۆری ١٩٤٢، زایۆنیەکان بەشێوەیەکی چڕتر کەوتنە دژایەتی بەریتانیەکان ئەمەش بەشێکە لە نموونە دیارەکان:-**

ڕێکخراوی شتێرن لە ساڵی ١٩٤٤ وەزیری بەریتانی لە قاهیرە کوشت وە نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکانی لە قودس تیرۆرکرد لە ساڵی ١٩٤٨.

تەقاندنەوەی هۆتێلی مەلیك داود لە قودس کە لەهەمان کاتدا بارەگای سوپاو ئینتیدابی بەریتانی تێدابوو. تەقاندنەوەی یانەی ئەفسەرانی ئینگلیز، ڕفاندن و کوشتنی ئەفسەرە بەریتانیەکان، تەقاندنەوەی سەیارەی بۆمبڕێژکراو بە کاروانی سوپای ئینگلیزدا، ئەمە و چەندین کاری تیرۆری دیکە لەدژی سوپای بەریتانی و گەلی فەڵەستینی.

لەساڵی ١٩٤٧دوای بڕیاری ١٨١ی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ دابەشکردنی فەڵەستین،٣٣ دەوڵەت دەنگی (بەڵێ)یان بۆ دا، ١٣ دەوڵەت دەنگی (نەخێر) و ١٠ دەوڵەتیش دەنگیان نەدا.

زۆرینەی دەوڵەتەکان لەژێر زەختی ئەمەریکادا دەنگیان دا.

دواتر بەریتانیا بڕیاریدا لە ١٩٤٨/٥/١٥ لە فەڵەستین بکشێتەوە وەکو ئامادەکاریەك بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیسرائیلی، بەمەش جووەکان زیاتر چەك و تەقەمەنیان کڕی و زیاتر خۆیان ئامادەدەکرد تەنانەت ٢٤ فڕۆکەیان لە سوپای بەریتانیا کڕی بەبڕی ٥ ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی.

لەهەمان کاتیشدا زانکۆی عەرەبی بڕیاریدا بە دروستکردنی چەند ڕێکخراوێکی بەرگری تایبەت بە فەڵەستینیەکان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی زایۆنیەکان.

لەسەرەتای ساڵی(١٩٤٨) هوە وەکالەی یەهودی دەسەڵاتی ڕاستەقینەی لە ڕووی ئیداری و سەربازیەوە بەسەر فەڵەستیندا هەبوو سەرەڕای ئینتیدابی بەریتانی لەوخاکەدا.

ژمارەی چەکدارە جووەکان زیاد لە ٤٥ هەزار چەکدار بوو کە ڕۆژ بە ڕۆژ لەڕووی چەندایەتی و چۆنیاتیەوە زیادیان دەکرد لە کاتێکدا ژمارەی هەموو سەربازانی سوپای عەرەب نەدەگەیشتە ٤٠ هەزار سەرباز.

لەسەرەتای ساڵی ١٩٤٨هوە هاگانا وەکو خۆ ئامادەکردنێک دەستیان کرد بە کوشتن و کاری تیرۆرستی دژی فەڵەستینیەکان وەکو تەقاندنەوەی هۆتێل (سەمیرامیس) لە قودس و ڕووخاندنی چەندین گوندی فەڵەستینی وەکو گوندی قیساریە لە حەیفا کە لە ١٩٤٨/٢/١٥ دا بەسەرپەرشتی ئیسحاق ڕابین ١٥٠٠ کەس لەو گوندەدا دەرکرا و ڕوخێنرا، ڕابین لە دوایدا بووە سەرۆك وەزیرانی

ئیسرائیل. ئەمانەو چەندین کاری تیرۆریستی لەو هاوشێوەیە. لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی کشانەوەی بەریتانیا، بەریتانیەکان دەستیان کرد بە پێدانی سەربازگە و مینا و وێستگە شەمەندەفەرەکان و کامپی سەربازی و چەکەکانیان بە زایۆنیەکان.

ڕۆژی کشانەوەی بەریتانیەکان کە ٥/١٥ بوو کە دەکەوتە ڕۆژی شەممە، ئەمەش کێشە بوو بۆ جووەکان چونکە بەپێی دینی یەهودی ڕۆژانی شەممە نابێت هیچ کارێک بکرێت بۆیە ئەمە دەبووە ڕێگر لەبەردەم ڕاگەیاندنی دەوڵەتەکەیان، بۆ بڕیاریاندا ڕۆژی هەینی کە دەیکردە ١٤ی مانگی ئیعلانی دەوڵەتەکەیان بکەن.

دوای ئیعلانی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ١٩٤٨/٥/١٤ ئەمریکا یەکەم دەوڵەت بوو دانی بە دەوڵەتی ئیسرائیل دانا، سوپای عەرەبی ئامادەی هێرشکردن بوون بەڵام بەریتانیا نەیهێشت لەو ڕۆژەدا هێرشبکەن بەڵکو هێشتی ڕۆژی دواتر بێن کەهاوکات بوو لەگەڵ کشانەوەی سوپای بەریتانیا لە فەڵەستیندا.

بەمشێوەیە یەکەم جەنگی نیزامی لە نێوان عەرەبیەکان و ئیسرائیلدا سەریهەڵدا کە ٩ مانگ و ٣ هەفتە و ٢ ڕۆژی خایاند (١٩٤٨/٥/١٥- ١٩٤٩/٣/١٠) کە بەشکستی عەرەب کۆتایی پێهات.

**لێرەدا باسی هۆکارەکانی شکستی عەرەب دەکەم لەم جەنگەدا**

١- بەهێزترین سوپای عەرەب لەوکاتەدا سوپای ئەردەن بوو کە (جۆن کلۆمپ)ی بەریتانی سەرکردایەتی دەکرد بە هاوکاری ٤٦ ئەفسەری دیکەی بەریتانی لە ڕیزی سوپای ئەردەنیدا، کە ئەمەش جێگای پرسیارە ئایا بەڕاست سوپایەکی عەرەبی بەسەرکردایەتیەکی بەریتانی نزیك لە زایۆنیزم دەتوانن بەڕاستی دەوڵەتێکی زایۆنی بجەنگێت**؟!**

دواتر کلۆمپ خۆی ڕایگەیاند کە ئەو جەنگە جەنگێکی درۆینە بوو.

٢- عێراق و میسر مەلەکی بوون و مەلیکەکەیان ئینگلیز دایانبوون شای سعودیەش ڕێکەوتنی هاوکاری چەندین ساڵەی لەگەڵ ئەمەریکادا مۆرکردبوو کە دووبارە ئەمەش جێگای پرسیار و گومانە.

٣- لاوازی سوپای عەرەب بەرامبەر سوپای زایۆنی و نەبوونی ژووری ئۆپەراسیۆنی هاوبەش لەجەنگەکەدا کە ئەمەش خاڵی لاوازی عەرەب بوو لە جەنگەکەدا.

جەمال عەبدولناسر لە کتێبەکەیدا (فەلسەفەی شۆڕش) باس لەو گەندەڵیانە دەکات کە لەنێو سوپای میسریدا هەبوو، باس لەوە دەکات کە ئێمە لە فەڵەستین دەجەنگاین بەڵام دڵمان لای نیشتیمان بوو کە بەدەست گورگە برسیەکانەوە دەیناڵاند. باس لەوەش دەکات کە دەڵێت لەم جەنگەدا تێگەیشتم کە چارەسەری کێشەکە لە فەڵەستین نیە بەڵکو لە میسرە چونکە ئەگەر سەرکردایەتیەکی پتەومان هەبووایە عەرەب و فەڵەستین بەم ڕۆژە نەدەگەیشت، کە ئەمەش وای لە ناسرکرد بیر لە گۆڕینی دەسەڵات بکاتەوە لە میسر.

لەماوەی جەنگەکەدا ڕێکخراوی شتێرن هەڵسان بە تیرۆرکردنی (کۆنت بێرنادۆت)ی ناوبژیکەری نەتەوەیەکگرتووەکان لە شاری قودس دا ، کۆنت بەیەکەم ناوبژیکەری UN دادەنرێت لە مێژووی دروستبوونی (UN)ەوە.

تیرۆرکردنەکەشی لەئاکامی هەوڵەکانی بوو بۆ ناوبژیکردنی عەرەب و جوولەکەکان. جەنگەکە کۆتایی هات و گشت سوپاکانی عەرەب جگە لە عێراق ئاگربەستیان ڕاگەیاند.

شەهیدەکانی سوپای عێراق تا ئێستاش گۆڕەکانیان لە شاری (جنین)ماوە، کەلە ڕیزەکانیاندا چەندین شەهیدی کورد هەبوون کە دوای گەڕانێکی زۆر توانیم ئەم سێ ناوەم دەستکەوێت

١- ئەحمەد مەجید سەرباز لە فەوجی دوو- لیوای پێنج لە ١٩٤٨/٦/٣ لە (جنین) شەهید بوو.

٢- وەفیق تۆفیق خەڵکی شاری کەرکوکە پلەکەی سەرباز بوو لە ١٩٤٨/١٠/١١ لە (جنین) شەهید بوو.

٣- حوسێن ساڵح لە توڵکەرەم شەهیدبوو.

٤- ئیبراهیم یونس لە دایکبووی زاخۆ.

٥- حاجی معێدین لە دایکبووی کۆیە.

٦- ڕەمەزان سادق لە دایکبووی دهۆك.

٧- قەرنی یونس لە دایکبووی هەولێر.

٨- محمد ڕەجەب لە دایکبووی دهۆك.

٩- محمود حوسێن لە دایکبووی هەولێر.

١٠- معروف دەروێش لە دایکبووی زاخۆ.

١١- هادی ساڵح لە دایکبووی کەرکووك.

محمد قودسی یەکێك لە چوار ئەفسەرە شەهیدەکەی کۆماری مهاباد لە شاری قودس لە دایکبوو.

گۆرانی شاعیر لە ساڵانی (١٩٤٢-١٩٤٤) لە بەشی کوردی ئێزگەی ڕۆژهەڵاتی یافا لە فەڵەستین کاریکردووە. ئەحمەد دڵزاری شاعیریش لەهەمان ئێستگەدا کاری کردووە.

دەبێت ئەوەش بزانین کەلەسەر ئاستی کوردستانی گەورە چەندین پێشمەرگە و ئازایخواز هەبوون کەوەکو فیدائیەك پەیوەندیان بەڕێگای ئازادیخوازی فەڵەستینیەوە کردووە وەکو مامەڕیشە و شەهید شەماڵی باخ- فەرماندەی تیپیی ٩٣ ی کۆیە و مامۆستا ئەنوەر و سەدان لە برایانی دیکەمان لەگشت پارچەکانی کوردستان. وە بەشداریکردنی پارتی کرێکارانی کوردستان هاوشان لەگەڵ فەڵەستینی و لوبنانیەکان لەبەرەنگاربوونەوەی داگیرکاری سوپای ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان لە ساڵی ١٩٨٢و بەخشینی ١٠ شەهید لەو جەنگەدا.

بەمجۆرە جەنگ کۆتایی پێهات کە ئەنجامەکەی دەرکردنی نزیکەی ملیۆنێك فەڵەستینی و ڕووخاندنی سەدان گوند و شەهیدکردنی هەزارەها داکۆکیکەری ڕێگای ڕاستی و ئازادیی.

کێشەی ئاوارە فەڵەستینیەکان بەیەکێك لە کێشە گەورەکانی دۆسییەی فەڵەستینی دادەنرێت کە تاکو چارەسەرکردنی دۆسییەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە، لە ئێستادا نەوەی ئاوارە فەڵەستینیەکان لە ئەردەن و لوبنان و سوریا و میسروعێراق و وڵاتانی دیکەدا دەژین. لە وڵاتە عەرەبیەکاندا هەموو مافێکیان هەیە بەڵام ڕەگەزنامەیان نادەنێ ئەمەش بەمەبەستی نەسڕینەوەی ڕەگەزە فەڵەستینیەکەیان و مافی دووبارە گەڕانەوەیان بۆ خاکەکەی خۆیان، بۆ نموونە لە سوریا فەڵەستینی پێش سوری دادەمەزرێت و مافی لە سوری لە پێشترە کە ئەمەش باوەڕهێنانی سوریا دەردەخات بەرامبەر دۆسیەکەیان.

بەڵام بەداخەوە دۆسییەی فەڵەستینی و کوردی دوو دۆسییەن کە زۆرترین بازرگانینان پێوەکراوە تاوەکو ڕۆژگاری ئەمڕۆمان، کەهەر لایەن و دەسەڵاتێك بۆ قازانجی مەرامەکانی خۆیان بەکاریان هێناوە.

## دوای کارەساتی٤٨ و دروستبوونی بەرەنگاری عەرەبی:-

دوای جەنگی ١٩٤٨ و دروستبوونی ئیسرائیل ناوی فەڵەستین لە دیکۆمێنت و پەڕاوەکانی خاکی فەڵەستیندا سڕایەوە و ئیسرائیل جێگای گرتەوە.

ئیسرائیل جگە لەکەناری ڕۆژئاوا و کەرتی غەزە هەموو خاکی فەڵەستینی داگیرکرد. کەناری ڕۆژئاوا بە ڕۆژهەڵاتی قودسەوە کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئەردەن، کەرتی غەزەش کەوتە ژێردەسەڵاتی میسر، بەڵام جێگای ئاماژە پێدانە کە شاری قودس دوو بەشە بەشی ڕۆژهەڵاتی مزگەوتی ئەقسا و دیواری گریانی جوولەکە و کەنیسەی قیامەی تێدایە کە ئەمەش ئەم بەشەی قودس دەکاتە خاکێکی پیرۆز بۆ هەر سێ دینی ئیسلام و مەسیح و یەهودی. وەزۆرترین کێشەی لەسەرە ئەم بەشەی قودس تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆمان.

لەدوای(٤٨)ەوە کۆمەڵێك قوتابی زانکۆی ئەمەریکی لە بەیروت هەستان بە دروستکردنی جوڵانەوەی نەتەوەیی عەرەب کە دیارترینیان جۆرج حەبەش و نایف حەواتمەبوون، ئەم جوڵانەوەیە ڕۆڵیان هەبوو لە ڕێکخستن و چەکدارکردنی فیدائیەکان بۆ کردەوە فیدائیەکان لەناو فەڵەستیندا.

لەوکاتەشدا نەتەوەیەکگرتووەکان بەسەرۆکایەتی (تریگفە لی)ی نەرویجی زایۆنی کەوتە هەموو هەوڵێك بۆ پاراستنی دەوڵەتە ساواکەی زایۆنیەکان.

لەدوای شۆڕشی ١٩٥٢/٧/٢٣ کە ڕژێمی پاشایی لە میسر ڕووخاند و ئەفسەرە ئازادیخوازەکان بەسەرکردایەتی جەمال عەبدولناسر هاتنە سەر حوکم دۆسییەی فەڵەستینی بوژاندنەوەیەکی فکری نوێی بۆ داڕێژرایەوە چونکە ناسر سەرکردەیەکی گەورەی نەتەوەیی بوو کە توانی کارتی دۆسیەیی فەڵەستینی وەکو کارتێکی نەتەوەیی عەرەبی پیشانی جیهان بدات.

بەتایبەت دوای هێرشی سێ قۆڵی (بەریتانی- ئیسرائیلی- فەرەنسی) بۆ سەر میسر. لە ساڵی ١٩٥٦دا، ئەم هێرشە سێ قۆڵییە هەستی نەتەوایەتی و بەرەنگاری دژی داگیرکەری ئیمپریالی لای عەرەب زیادی کرد.

هێرشەکەش لە ئەنجامی سیاسەتە سۆسیالیستی و بە نێوخۆیی کردنی کەناڵی سوێس هات کە زەرەرێکی زۆری لە بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا دا.

جەمال عەبدولناسر سەرئێشەیەکی زۆر گەورە بوو بۆ ئەمریکا و ئیسرائیل و سیاسەتە قۆرخکارییەکانیان کە تەرکیزی زۆری لەسەر سیاسەتی سۆسیالیستی بۆ میسر دەکردەوە، کەوتە بەر جێبەجێکردنی بە نێوخۆیی کردنی پیشەسازی و کشتوکاڵی میسر.

هەروەها ناسر لە سۆڤیەت نزیکبۆیەوە و گرێبەستی کڕینی چەکی پێشکەوتووی لەگەڵ مۆرکردن.

لەهەمان کاتیشدا کەوتە بە پیشەسازیکردنی دروستکردنی چەکی نێوخۆیی میسری کە توانی میسر بکاتە یەکەم وڵاتی عەرەبی فیشەك و موشەك دروستبکات کە ئەمە نیگەرانی و ترسی لای ئەمریکی و ئیسرائیلیەکان دروستکرد.

## یەکگرتنی سوریا و میسر:-

کاریگەری و کارێزمایی ناسر بەسەر جیهانی عەرەبیدا زاڵبوو، ئەمەش وایکرد پارتی بەعسی سوری دەستپێشخەری یەکگرتن پێشکەش بە ناسر بکەن و ناسریش ڕازیبوو. بەڵام بەمەرجێك گشت پارتە سیاسیەکانی سوریا خۆیان هەڵوەشێننەوە بە پارتی بەعسی سوری خۆشیەوە، ناسر دوای شۆڕشی ٢٣ی یۆلیۆ هەمان سیاسەتی پەیڕەکردبوو لە میسردا بەجۆرێك گشت پارتە سیاسیە میسریەکانی هەڵوەشاندەوە جگە لە ئیخوان موسلیمین ئەمەش بەهۆی پێگەیانەوە بوو لەناو جەماوەردا، بەڵام دواتر ئیخوانیشی قەدەغەکرد و دایخست.

ناسر پێی وابوو پارتی سیاسی و مۆدێلی دیموکراسی ڕۆژئاوای کارەسات بۆ وڵاتانی عەرەبی دەهێنێت.

سەرەنجام بەعسی سوریا و گشت پارتەکانی دیکەی سوریا بە مەرجەکەی ناسر ڕازیبوون و خۆیان هەڵوەشاندەوە، بەمەش کۆماری عەرەبی یەکگرتوو بەسەرۆکایەتی جەمال عەبدولناسر دروستبوو لەساڵی ١٩٥٨دا. شوکری قوتێلی سەرۆکی سوریاش بووە جێگری ناسر، پایتەختی کۆمارەکەش قاهیرە بوو.

کۆمارە تازەکە لە دوو هەرێم پێکهاتبوو:

١- هەرێمی باکوور کە سوریا بوو

٢- هەرێمی باشوور کە میسر بوو

بەڵام بەهۆی ناکۆکی نێوان سەرکردایەتی سوری و میسریەکانەوە تەمەنی یەکگرتنەکە زۆری نەخایاند و لە ساڵی ١٩٦١ هەڵوەشایەوە، بەڵام ناوی میسر هەر کۆماری عەرەبی یەکگرتوو بوو تاوەکو ١٩٧١ کە گۆڕا بە کۆماری میسر.

لێرەدا دەمەوێت باکگراوندێکی ڕووداوە سیاسیەکانی سوریا لەو کاتەدا و هاتنەسەر حوکمی بەعسی سوری لە سوریادا پێشکەشی خوێنەرانم بکەم.

## حافز ئەسەد و بەعسی سوریا:-

## ساڵی دامەزراندن: ١٩٤٧/٤/٧

دوای یەکگرتنی سوریا و میسر ناسر هەموو پارتەکانی سوریایی بە بەعسی سوریشەوە هەڵوەشاندەوە، زۆرینەی ئەفسەرە سوریەکانی گواستەوە بۆ میسر کە (٥) دانەیان ئەفسەرانی دیاری بەعس بوون (صلاح جدید- حافز ئەسەد- محمد عمران-عەبدولکەریم جندی- ئەحمەد میسر)

ئەم ناوانە ڕۆڵێکی بەرچاویان دەبێت لە هەڵوەشاندنەوەی یەکگرتن و هاتنە سەر حوکمی بەعس لە سوریادا.

٣ دانەیان عەلەوی و دووانیان ئیسماعیلی بوون.

لە ١٩٦١ بە کودەتای سەربازی لە سوریادا یەکبوون هەڵوەشایەوە و نازم قودسی بووە سەرۆکی سوریا ناسر نەیویست هێرشی سەربازی بکاتە سەر سوریا بۆ گێڕانەوەی چونکە وتی ئەمە دەبێتە هۆی خوێن ڕشتن لە نێوان دوو سوپای عەرەبیدا کە ئەمەش من بەهەموو جۆرێك دژی ئەوەستمەوە، هیوای سەرکەوتنیش بۆ گەلی سوریا دەخوازم.

دواتر نازم قودسی گشت ئەفسەرە بەعسییەکانی بە (٥) دانەکەشەوە لە ڕیزی سوپادا دەرکرد. بەمەش بۆ ماوەیەکی کەم بەعس لە گۆڕەپانی سیاسی سوریادا دوورکەوتەوە بەڵام ئەو دوورکەتنەوەیە زۆری نەخایاند دوای مانگێك بەسەر کودەتای بەعسی عێراقی بەسەر عەبدولکەریم قاسمدا، بەعسی سوریاش لە ١٩٦٣/٣/٨ کودەتای کرد و هاتە سەر حوکم.

بەڵام دوای کودەتاکە کێشەیەك بۆ بەعسی سوری و ئەفسەرە بەعسیەکان دروستبوو.کە ئەویش کاریگەری ناسری بەسەر بەشێك لە سوریەکاندا ماوە،بەمەش ناکۆکی کەوتە نێوان ناسری و بەعسیەکان، ناسریەکان لە هەمان ساڵدا کودەتایەکی شکستخواردویان بەسەر

بەعسیەکاندا ئەنجام دا کە بووە هۆی کوشتارێکی زۆر پاش کودەتا شکستخواردوەکەی ناسریەکان، (٥) ئەفسەرە باڵاکەی بەعس نەیانویست دەرکەون بۆیە کەسێکی باوەڕپێکراوی خۆیان بەناوی (ئەمین حافز) کردە سەرۆکی سوریا

محمد عمران سەرۆکی ئەفسەرە بەعسیەکان بوو سەرەتا بەڵام بەهۆی گۆڕینی هەڵوێستەکانی لە سەرۆکایەتی لایاندا و کردیانە باڵیۆزی سوریا لە ئیسپانیا. بەڵام پاش ماوەیەك ئەمین حافزی سەرۆکی سوریا محمد عمرانی هێنایەوە و کردی بە وەزیری بەرگری، کە ئەمەش دژی بڕیارەکانی ئەفسەرە بەعسییەکان بوو کە کردبوویانە سەرۆك، بۆیە لە ساڵی ١٩٦٦ سەڵاح جدیدی سەرۆکی ئەفسەرە بەعسییەکان کودەتای بەسەر ئەمین حافزدا کرد و لەگەڵ محمد عمران و دەیانی دیکەدا بەندی کردن.

دوای کودەتاکەی سەڵاح جدید، حافز ئەسەدی کردە وەزیری بەرگری کە لەو کاتەدا تەمەنی تەنها ٣٥ ساڵ بوو.

پێگەی وەزیری بەرگری ڕێگەی بۆ حافز ئەسەد ئاسانکرد کە بتوانێ بەزووی بەدەسەڵات بگات.

دوای کودەتاکەی ١٩٦٦ی سەڵاح جدید، نورەدین ئاتاسی کردە سەرۆکی سوریا.

لە ١٩٧٠دا حافز ئەسەد کودەتای بەسەر سەڵاح جدید و نورەدین ئاتاسیدا کرد و تاکۆتایی تەمەنیان لە زیندانی سوریادا بەسەربرد.  لە (٧٠-٧١ ) ئەسەد سەرۆك وەزیران بوو دواتر لە ١٩٧١ دا لە دەنگدانێکی ئەنجام پێش وەختە زانراودا بووە سەرۆکی سوریا کە تا کۆتایی تەمەنی حوکمی سوریای کرد.

## ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەڵەستینی:-

ڕێکخراوێکی سیاسی و نیمچە سەربازی فەڵەستینیە کە لە لایەن UN و زانکۆی عەرەبییەوە وەکو تاکە نوێنەری شەرعی گەلی فەڵەستینی ناسێندراوە.

پێکدێت لە زۆرینەی پارت و لایەنە سیاسیە فەڵەستینیەکان کە لە ساڵی ١٩٦٤ دامەزرا.

لە ساڵی ١٩٦٤ جەمال عەبدولناسر ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەری هەبوو لە بەستنی یەکەم کۆنگرەی لوتکەی عەرەبی لە قاهیرە، بەمەبەستی دیاریکردنی نوێنەرێك بۆ فەڵەستینیەکان لە مەحافلە دەولیەکاندا.

بەمەش کۆنگرە بڕیاری دروستکردنی **(ئەنجوومەنی نیشتیمانی فەڵەستینی)** دا. لەهەمان ساڵدا ئەنجوومەنەکە یەکەم کۆنگرەی خۆی بە سەرۆکایەتی شاحوسێنی ئەردەن لە قودس بەست، کە تێیدا بڕیاریاندا بە دروستکردنی ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەڵەستینی.

ئەحمەد شوقێری بەکۆی دەنگ کرا بە سەرۆکی ڕێکخراوەکە، شوقێری ڕۆڵێکی کاریگەری بینی لە پێشوەچوونی ڕێکخراوەکە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا.کە توانی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ چینیەکان ببەستێت و نوێنەرایەتی ڕێکخراوەکە لە وڵاتی چیندا بکاتەوە.

بەڵام ڕێکخراوی فەتح بەسەرکردایەتی یاسر عەرەفات و بەرەی میللی ئازادیخوازی فەڵەستینی بەسەرکردایەتی جۆرج حەبەش نەچوونە نێو ڕێکخراوەکە.

چونکە جیاوازی لە ئایدیاکان و ڕووانینەکان هەبوو بەجۆرێك شوقێری پێی وابوو کە کێشەی فەڵەستین کێشەیەکی نەتەوەیی تایبەت بە فەڵەستینیەکانە، بەڵام عەرەفات پێی وابوو کێشەی فەڵەستین کێشەیەکی نەتەوەیی عەرەبییە پاشان کێشەیەکی تایبەت بە فەڵەستینیە.

کە دواجار بەهۆی ئایدیاکانی و وەستانەوەی دژی سەرکردایەتی عەرەب لە دوای جەنگی شەش ڕۆژەی ئەحمەد شوقێری دەستی لە پۆستەکەی کێشایەوە.

لەدوای شوقێری یەحیا حمودە بووە سەرۆك لە دوای ئەویش یاسر عەرەفات، لە دوای عەرەفاتیش مەحمود عەباس بووە سەرۆك.

جێی ئاماژەپێدانە کە مام جەلال بیرۆکەی هەیکەلی تەنزیمی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانی لە ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەڵەستینی وەرگرت لە کاتی دامەزراندنی یەکێتیدا.چونکە مام جەلال ماوەیەکی باش لەگەڵ فەڵەستینیەکاندا کاریکردبوو.

## جەنگی شەش ڕۆژە:-

لەدوای ساڵی (١٩٤٨)ەوە ئیسرائیل دەیویست زیاتر پێگەوهێزی خۆی لە ناوچەکەدا بچەسپێنێت وە دەیویست خاکێکی زۆرتر بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.

خەونی لەمێژینەی زایۆنیەکان خاکێکە کە پێی دەڵێن ئیسرائیلی گەورە کە سنوورەکەی لە نێوان نیل بۆ فوڕاتە ئەمەش بەڕوونی لە ئاڵاکەیدا دەردەکەوێت کەسەروخوارەکەی دوو هێڵی شینن وەکو ئاماژەیەك بۆ نیل و فوڕات.

بۆیە سەرکردایەتی ئیسرائیلی دەیانویست (ئێستاش هەمان خەونیان هەیە و هەوڵی بۆ دەدەن) بەهەر شێوەیەك بێت بتوانن ڕۆژهەڵاتی قودس و کەناری ڕۆژئاوا داگیربکەن وەکو هەنگاوی یەکەم چونکە ڕۆژهەڵاتی قودس گرنگیەکی زۆری بۆ ئیسرائیل هەیە بەهۆی بوونی هەیکەلی سلێمان تێیدا.

لەدوای کۆنگرەی لوتکەی عەرەبی ١٩٦٤ەوە ئیسرائیل دەستیکرد بەخۆئامادەکردن بۆ ڕووبەڕووبونەوەی عەرەب.

بەمەش مۆسادی ئیسرائیلی بەلێشاو سیخوڕی لەنێو وڵاتانی عەرەبیدا بڵاوکردەوە بۆ دەستکەوتنی زانیاری گرنگ و هەستیار لەسەر ئەو وڵاتانە وەهەروەها کۆکردنەوەی زانیاری زۆر گرنگ لەسەر سوپای وڵاتانی عەرەبی.

مۆساد لە ساڵی ١٩٦٦ توانی فڕۆکەوانێکی عێراقی بەناوی

(منیر ڕوفا) ڕازیبکات بەفڕاندنی فڕۆکەیەکی جۆری (میگ-٢١) لە عێراقەوە بۆ ئیسرائیل

(میگ-٢١) فڕۆکەیەکی دروستکراوی سۆڤیەتی کە بە یەکێك لە پێشکەوتوترین فڕۆکە شەڕکەرەکانی ئەودەم دادەنرا کە سوپای وڵاتانی عەرەبی هەیانبوو ئەمەش ترسی بۆ ئیسرائیل دروستکردبوو، بۆیە دوای فڕاندنی فڕۆکەکە توانیان فڕۆکەکە شیکەنەوە و گشت زانیاریەکیان لەسەر دەستکەوێت کە ئەمەش سودێکی زۆری پێگەیاندن لە جەنگی شەش ڕۆژەدا.

هۆکارێکی دیکەی جەنگەکەش ڕووباری ئەردەن بوو کە ئیسرائیلیەکان وەکو سەرچاوەیەکی گرنگی ئاوی شیرین بەکاریاندەهێنا بەڵام وڵاتانی عەرەبی دەیانویست ڕێڕەوی ڕووبارەکە بگۆڕن.

هۆکارێکی دیکەی گرنگیش هەڵەی سەرکردایەتی عەرەبی لەسەرویانەوە جەمال عەبدولناسر بوو کە کەوتە تەڵەیەکی زۆر زیرەکانەی ئیسرائیلەکانەوە.

لێرەدا باس لە هەڵەکانی ناسر دەکەم،

لەدوای هێرشی سێ قۆڵی بۆ سەر میسر لە ساڵی ١٩٥٦ ئاستی جەماوەری ناسر گەیشتە لوتکە چونکە توانی بەرامبەر سێ زلهێز خۆی ڕابگرێت و ناچاریان بکات لە خاکی میسردا بکشێنەوە، بەڵام ئەم کشانەوەیە بێ مەرج نەبوو ناسر لەگەڵ UNدا ئیمزای لەسەر دوو خاڵی زۆر گرنگ کرد بۆ کشانەوەیان ئەوانیش

١- بڵاوكردنەوەی سوپای ئاشتیپارێزی نەتەوەیەكگرتووەكان لەسەر سنووری ئیسرائیل و میسر و بیابانی سینا.

٢- كردنەوەی گەرووی تیران لەبەردەم كەشتیە ئیسرائیلیەكان.

لەسەرەتای ساڵی ١٩٦٧ سۆڤیەت ناسر ئاگاداردەكاتەوە لە نیەتی ئیسرائیل بۆ هێرشكردن بەڵام ناسر باوەڕ بە سۆڤیەت ناكات و نوێنەرێكی خۆی دەنێرێت بۆ سوریا بۆ زانینی بارودۆخ لە جەبهەی سوری نوێنەرەكە ئاگاداری دەكاتەوە كە بارودۆخ ئارامە هیچ نیەتێكی هێرشكردن لە لایەنی بەرامبەرەوە دیار نیە.

ناسر زۆر باوەڕی بەفەرماندەی هێزە چەكدارەكانی خۆی

(موشیر عەبدول حەكیم عامر) دەكرد كە هاوڕێی دێرینی بوو، حەكیم هەمیشە ناسری دەكردەوە كە سوپای میسری ئامادەی جەنگە

لەوساڵەدا ئیسرائیلیەكان یاریەكی زیرەكانە لەگەڵ ناسر دەكەن ئەویش بەهەڕەشەكردن لە هێرشكردنە سەر سوریا، چونكە دەیانزانی ئەمە وا لە ناسر دەكات بێتە جواب و هەڕەشە لە ئیسرائیل بكات. وەك چۆن دایان نابوو وادەرچوو ناسر ڕایگەیاند هەر هێرشێك بۆ سەر سوریا واتە هێرشكردن بۆ سەر میسر، لەئەگەری ڕووداوێكی لەو جۆرەدا ئیسرائیل فڕێدەدەینە ناو دەریاوە.

ئەمە كارتێكی باشی گوشاری دایە زایۆنیەكان لە دژی ناسر خۆی بەكاربێیننەوە و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بڵێن ناسر بەتەمای هۆڵۆكۆستێكی دیكەیە.

ئیسرائیلیەكان دەیانزانی ناسر هەر بەم هەڕەشەكردنە ناوەستێت و هەنگاوی دیكە دەنێت. ناسر لە ١٩٦٧/٥/٢٣ داوای لە سوپای UNكرد كە لە سینا و سنوور بكشێنەوە و خاكی میسر بەجێبهێڵن.

بەڕۆیشتنی سوپای UNگەرووی تیران هاتەوە ژێر دەسەڵاتی میسر، ناسر ڕاستەوخۆ فەرمانیدا بەقەدەغەكردنی ڕۆیشتنی گشت كەشتیەكی ئیسرائیلی بەگەرووەكەدا بەمەش ڕێگا لەبەردەم كەشتی بارهەڵگری نەوتی ئێرانی بۆ ئیسرائیل لە خەلیجی عەقەبەدا وەستا.

ئەم هەنگاوانە بە دڵی لیڤی ئەشكۆلی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیلی بوو چونكە توانی ناسر بهێنێتە سەر ئەو ڕێگایەی كە بۆی دروستكردووە.

دەبێت ئەوەش بزانین کە ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی کاریگەری لە وروژاندنی هەردوو گەلی عەرەبی و ئیسرائیلیدا هەبوو بەجۆرێك کە عەرەب وایاندەزانی سوپای عەرەبی دەتوانێت ئیسرائیلی لەناوببات.

لیڤی ئەشکول لە هەمان کاتدا وەزیری بەرگریش بوو، بۆ کەمکردنەوەی ترسی هەڕەشەکانی ناسر لەسەر گەلەکەی پۆستی وەزارەتی بەرگری دایە (موشی دایان) کە ئەمەش متمانەی گەل بە سوپای دروستکرد چونکە دایان جەنگاوەرێکی دێرین و دیاری جوو بوو.

سوپای ئیسرائیلی لەوکاتەدا زۆر لە سوپای وڵاتانی عەرەبی پێشکەوتووتر بوو هەم لەڕووی ژمارەی سەربازەوە هەم لەڕووی چەك و پێداویستیەوە، ئەشکۆل توانی گرێبەستی کڕینی فڕۆکەی شەڕکەری میراج لەگەڵ فەرەنسادا مۆربکات کە ئەمەش هێزی ئاسمانی ئیسرائیلی بەهێزترکرد.

محمد ئەحمەد زوعێبی وەزیری ڕاگەیاندن لەوکاتەدا ڕایگەیاند پێش ٥ ڕۆژ لە هێرشی ئیسرائیلیەکان وەفدێکی سۆڤیەت سەردانی کردین، پێیان ڕاگەیاندین کە هێرشی ڕاگەیاندن کەم کەینەوە چونکە سوریا سیستەمی بەرگری ئاسمانی نیە، ئەمەش وادەکات ئاسمانی سوریا کراوە بێت بۆ هەر هێرشێك، هەروەها وتی کە سۆڤیەتیەکان پێیان ڕاگەیاندین کە دەتوانین موشەکی دژە ئاسمانیمان بدەنێ، بەڵام مانگێکی دەوێ تا دروستی بکەین و بتاندەینێ.

بەڵام بەو مەرجەی ئێوە هێرشی ئیعلامی و ئیستیفزازکردن کەمبکەنەوە. مۆساد توانی زانیاری گەلێکی گرنگی لەسەر سیستەمی ڕاداری و فڕۆکەوانی میسر پەیدابکات.

مۆساد زانی کە لە نێوان (٧:٣٠ بۆ ٨:٣٠)ی بەیانیان سیستەمی ڕاداری دەوەستێت بەهۆی ئاڵوگۆڕکردنی شەفتی شەوان و بەیانیان، بۆیە بڕیاریاندا لەو کاتەدا گورزێکی توند لە سوپای میسری بدەن.

لەبەرەبەیانی ١٩٦٧/٦/٥ هێزی ئاسمانی ئیسرائیلی توانی هێزی ئاسمانی میسری توشی شەلەل بکات بەوەی مەجال نەداتە فڕۆکەکان بچنە ئاسمان و هەر لە زەویدا تێکیان بشکێنن.

هێزی ئاسمانی ڕۆڵێکی کاریگەری بینی لە یەکلایکردنەوەی جەنگەکە بۆ بەرژەوەندی ئیسرائیلیەکان لە ماوەی شەش ڕۆژدا.

بەجۆرێك توانیان زەبری کوشندە لە هێزی ئاسمانی و بنکە سەربازیەکانی میسر و ئەردەن و سوریا و عێراق بدەن.

ئیسرائیل توانی کەناری ڕۆژئاوا و بەرزاییەکانی جۆلان و کەرتی غەزە و سینا داگیربکەن.
ئەمەش زەبرێکی توندبوو لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی کە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان
کاریگەری ئەو جەنگە کورتخایەنە ماوە.

(دانی یاتۆم) سەرۆکی پێشووی مۆساد دەڵێت دوای جەنگ مۆساد توانی پەیوەندی شاراوە
لەگەڵ زۆرینەی سەرکردە عەرەبیەکان دروستبکات کە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان ئەو
پەیوەندیانە بوونیان هەیە و پەرەی پێدەدرێت بۆ ئەوەی ببێتە پەیوەندیەکی دیار و ڕەسمی.
جەنگی (٦٧) خەونی ڕزگارکردنی فەڵەستینی لە مێشکی سەرکردایەتی عەرەب دەرکرد و
وای لێکردن کە هەریەکەیان خەون بە گەڕاندنەوەی پارچە داگیرکراوەکانی خۆیان ببین و
خەریکی سیاسەتی نێوخۆیی خۆیان بن.

کە ئەمەش لە قازانجی ئیسرائیلدایە.

## ئەیلولی ڕەش:-

پێش باسکردنی ڕووداوەکانی ئەیلولی ڕەش پێویستە باسێك لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەردەن و
فەڵەستین بکەم، ئەردەن و فەڵەستین سەربەوڵاتی شامن کە پێکدێت لە هەریەکە لە (سوریا-
لوبنان-ئەردەن-فەڵەستین) کە لە دوای سایکس بیکۆوە لە نێوان ئینگلیز و فەرەنسادا
دابەشکران.

ئەردەن و فەڵەستین بەر ئینگلیز کەوتن لە کۆنگرەی سانت ڕیهۆ لە ساڵی ١٩٢٠دا دواتر
ئینگلیز ڕووباری ئەردەنی کردە سنووری نێوان ئەردەن و فەڵەستین و لە یەکدی جودا
کردنەوە لە پەیماننامەی لەندەن لە ساڵی ١٩٤٦ دا،بەمەش ئەردەن سەربەخۆیی وەرگرت و
شا عەبدوڵا بووە شای ئەردەن.

بەڵام کێشەی فەڵەستین بەهۆی تەداخولات و ناکۆکیە زۆرەکان وەکو خۆی مایەوە.

دوای دروستبوونی ئیسرائیل و پەیدابوونی جەنگ و ناکۆکیەکان ژمارەیەکی زۆری
فەڵەستینیەکان ئاوارەی ئەردەن بوون بەمەش دیمۆگرافیای ئەردەن گۆڕاو فەڵەستینیەکان
زۆرینەی وڵات بوون کە ئەمەش ڕێگەی بۆ ئەیلولی ڕەش خۆشکرد.

لە دوای جەنگی شەش ڕۆژەوە کەناری ڕۆژئاوا کەوتە ژێردەسەڵاتی ئیسرائیلیەکان بەمەش
ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەڵەستینی و ژمارەیەکی ئێجگار زۆری فەڵەستینی ئاوارەی ئەردەن
بوون.

ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستینی (PLO) بنکەی سەربازی و ڕاهێنانی لە ئەردەندا کردەوە و بە تەنسیق لەگەڵ حکومەتی ئەردەنیدا هێرشیان دەکردە سەر ئیسرائیلیەکان.

لە ١٩٦٨/٣/٢١ دا سوپای ئیسرائیلی هێرشێکی گەورە دەکاتە سەر ئەردەن بە مەبەستی لێدانی گورزێکی توند لە ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەڵەستینی و داگیرکردنی ڕووباری ئەردەن بەڵام بە توندی لە لایەن سوپای ئەردەن و ڕێکخراوەکە وەڵامدرانەوە و تووشی شکستێکی گەورەبوون و کشانەوە کە بە جەنگی کەرامە ناسرا وە یەکەمجار بوو سوپای ئیسرائیلی کوژراوەکانی خۆی لە جەنگدا جێبهێڵێت.

ئیسرائیل لە جەنگەدا بۆیە شکستی هێنا چونکە خوێندنەوەیەکی دروستی بۆ بارودۆخەکە نەکردبوو وایدەزانی ورەی عەرەب و سوپای ئەردەن لە دوای جەنگی شەش ڕۆژە ڕووخاوە و هێزێکی وایان نیە کە ڕووبەڕوویان ببنەوە.

لەدوای ئەم جەنگە ورەی عەرەب و ڕێکخراوەکە بەرزبۆیەوە هەزاران کەس خۆیان ناونووس کرد کە ببنە چەکداری ڕێکخراوەکە، لەلایەن وڵاتانی خلیجەوە پارەیەکی زۆریان بۆ ڕەوانەکرا. بەمەش ڕێکخراوەکە لە ڕووی جەماوەری و هێزەوە گەشەی کرد وەکو دەوڵەتێکی لێهات لە ناو دەوڵەتێکی دیکەدا کە ئەردەن بوو.

فەڵەستینیەکان دوای جەنگەکە دەیانویست شاحوسێنی ئەردەن لادەن و بچنە سەر حوکم و دەوڵەتێکی کۆماری دروستبکەن و پاشان لە کۆمارە نوێکەوە هەوڵی ڕزگارکردنی فەڵەستین بدەن، پاساویشیان بۆ ئەمە ئەوەبوو کە دەیانگوت ئەردەن و فەڵەستین یەك بووە پێشتر و ئینگلیز دابەشی کردووە. ئەمەش ترسی لای شاحوسێن دروستکرد بە لە دەستدانی تاجەکەی بۆیە کەوتە لێدان لە فەڵەستینیەکان، بەمەش ناکۆکی توند لە نێوانیان دروستبوو بەجۆرێك ئەم ناکۆکیانە لە ساڵانی (١٩٧٠-١٩٧١) تەقینەوە.

لە ئەیلولی ١٩٧١ دا دوای کوشتارێکی زۆر ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەڵەستینی لە خاکی ئەردەنی چووە دەرەوە بەرەو لوبنان کە ئەمەش بە ئەیلولی ڕەش ناسرا.دوای ئەم ڕووداوە ڕێکخراوی ئەیلولی ڕەش دروستبوو کە چەندین کردەوەی دژی دەسەڵاتدارانی ئەردەنی و مۆسادی ئیسرائیلی کرد.

دیارترین کردەوەکانی ڕێکخراوەکە کردەوەی میونخ بوو لە ساڵی ١٩٧٢ دا کە ١١ وەرزشوانی ئیسرائیلیان کوشت، لەگەڵ کردەوەی (الدار البیضاء) لە مەغریب لە ساڵی ١٩٧٤. دوای کردەوەی (الدار البیضاء) بەدوو هەفتە یاسر عەرەفات وتارە مێژوویەکەی خۆی لە نەتەوەیەکگرتووەکان دا کە ئەمەش وایکرد ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەڵەستینی بەڕەسمی لەلایەن جیهانەوە بناسرێت و ببێتە چاودێر لە نەتەوەیەکگرتووەکان کە ئەمەش دەستکەوتێکی زۆر گرنگ بوو، چونکە یەکەمجار بوو بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازی ببێتە نوێنەر لە نەتەوەیەکگرتووەکان.

## جەنگی ئۆکتۆبەر......ڕێگایەك بۆ كامپ دێڤید:-

لە (١٩٧٠/٩/٣٠) جەمال عەبدولناسر كۆچی دوایی دەكات و محمد ئەنوەر ساداتی جێگری شوێنی دەگرێتەوە، سادات ئەو كارێزمایەی ناسری نەبوو لە نێو گەل و جیهانی عەرەبیدا.

بۆیە ویستی هەژموونی ناسری لە وڵاتدا كەمبكاتەوە بەهاوكاری كردنی پارت و لایەن ڕێكخراوە ئیسلامیەكان، دەستی كرد بە پاكتاوكردنی وەزیرەكانی كە بیروبۆچوونی ناسرییان هەبوو. هەروەها دەستی كرد بە گۆڕینی سیستەمی ئابووری وڵات لە ئشتراكیەتەوە بۆ سەرمایەداری.

بەڵام هێشتا ئەمانە بەس نەبوون بۆ چەسپاندنی چنگی لە حوكم چونكە ورەی عەرەب بەگشتی وە میسری بە تایبەتی لەو كاتەدا ڕووخابوو بەهۆی شكستیان لە جەنگی شەش ڕۆژەداو داگیكردنی خاكەكەیان لەلایەن دوژمنەوە ، بۆیە سادات هەوڵیدا بەهەر شێوەیەك بێت بیابانی سینا بگەڕێنێتەوە ژێر دەسەڵاتی میسر.

سادات زانی كە چارەسەری كێشەكەی لەلای ئەمەریكایە، كەلە دوای ١٩٦٧ هوە پەیوەندی نێوانیان پچڕاوە

بۆیە سادات (حافز ئیسماعیل)ی ڕاوێژكاری ئەمنی قەومی خۆی ڕاسپارد بۆ دروستكردنی كەناڵێكی پەیوەندی نهێنی لەگەڵ ئەمریكادا بۆ چارەسەركردنی كێشەكان.

بەڵام هەرزوو سادات هەستی بەساردی ئەمریكیەكان كرد دەربارەی دەستپێشخەریەكانی بۆ چەسپاندنی ئاشتی لە ناوچەكەدا.

بۆیە سادات پێشنیاری جەنگی هێنایە پێشەوە بۆ جوڵاندنی بۆچوونی ئەمریكیەكان دەربارەی چەسپاندنی ئاشتی.

بۆیە سادات لەگەڵ حافز ئەسەدا ڕێكەوتنی هاوبەشیان مۆركرد دەربارەی جەنگ، ئەسەدیش پێوستی بە جەنگ بوو بۆ سڕینەوەی ئەو تۆمەتانەی كە ئاڕاستەی دەكران لە شكستی جەنگی (١٩٦٧)دا ، چونكە ئەسەد لەوكاتەدا وەزیری بەرگری بوو گشت تۆمەتەكان ئاڕاستەی ئەو دەكران.

وڵاتانی عەرەبی كەوتنە خۆئامادەكردن بۆ جەنگ لە دژی ئیسرائیل بە پاڵپشتی چەكی سۆڤیەتی و پارەی وڵاتانی خلیج بە تایبەت مەلیك فەیسەڵی شای سعودیە كە ڕۆڵێكی بەرچاوی دیت لە جەنگەكەدا بەوەی هەناردەكردنی نەوتی سعودی بۆ ئەمەریكا وەستاند.

**ئەو وڵاتانەی شان بە شانی سوریا و میسرەوە چوونە جەنگەکەوە،**

١- عێراق

٢- جەزائیر

٣- لیبیا

٤- ئەردەن

٥- مەغریب

٦- سعودیە

٧- سودان

٨- کوێت

٩- تونس

---

ئەو وڵاتانەی بەشداریان نەکرد هۆکارەکەی نەبوونی سوپایەکی پتەوتۆکمە بوو، بۆیە بەپارە پاڵپشتی خۆیان بۆ جەنگەکە ڕاگەیاند.

سۆڤیەت و کۆریای باکووریش ڕۆڵ و کاریگەری و هاوکاریان هەبوو لە جەنگەکەدا. هێزی ئاسمانی میسری فڕۆکە (میگ-٢١)کانی زیاتر بوو لە فڕۆکەوانەکانی بۆیە ڕێکەوتنی لەگەڵ کۆریای باکوور کرد کە ٣٠ فڕۆکەوانی کۆریای باکوور ببنە فڕۆکەوان لە ڕیزی سوپای میسریدا لە کاتی جەنگەکەدا.

لە ١٩٧٣/١٠/٦ جەنگ لە هەردوو بەرەی سوری و میسری دەستپێیکرد، سوپای میسری توانی لە هەمان ڕۆژدا هێڵی بەرگری بارلیف بشکێنێت و بپەڕنەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کەناڵی سوێس. لە ڕۆژی دووەمی جەنگدا سادات بە نهێنی نامەیەك ئاراستەی هێنری کێسنجەر دەکات بەوەی پێی بڵێت ئامادەم جەنگەکە ڕابگرم لە پێناو ئاشتی لە ناوچەکەدا، ڕۆژی دواتر کیسنجەر بە ئەرێنی وەڵامی دەداتەوە بەڵام لە ژێریشەوە لەگەڵ ئیسرائیلیەکاندا ڕێکەوت بەوەی زۆرترین چەك و تەقەمەنیان بداتێ

بۆ ئەوەی بتوانن باڵانسی هێزی جەنگەکە بگۆڕن ئەو کاتە جەنگ ڕاگرن و بچنە دانوستاندنەوە، چونکە ئەگەر لە سەرەتادا ڕازیبوونایە پێگەیان لە دانوستاندا بەرامبەر عەرەب لاواز دەبوو بەوەی لەسەرەتای جەنگەکەدا سوپای عەرەبی پێشڕەویەکی بەرچاویان بەرەو قوڵای دەکرد.

بۆیە سوپای ئیسرائیلی بە هاوکاری ئەمەریکا تەرکیزیان خستە سەرگەمارۆدانی سوپای سێ ی میسری چونکە بەمە زیاد لە ٤٠ هەزار سەربازی میسری دەکەوتنە ژێر دەسەڵاتی ئیسرائیلیەکانەوە کە بێگومان ئەمەش کارتێکی بەهێزی دەدایە ئیسرائیلیەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی جەنگەکە.

ئیسرائیلیەکان لەم پلانەیان سەرکەوتووبوون و جەنگەکە ڕاوەستاو ئاگربەست کرا. مانگی دوازدەی هەمان ساڵ لە جنێف بۆ یەکەمجار وەزیرانی هەریەك لە ئەردەن و میسر لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل دا کۆبوونەوەو باسی کشانەوەی ئیسرائیلیان کرد بۆ پێش هێڵەکانی (١٩٦٧/٦/٥)، وەزیری دەرەوەی سوریا بایکۆتی ئەم دانیشتنەی کرد.

لە سەرەتای ساڵی (١٩٧٤)دا لەسەر داوای سادات خۆی هەواڵگیری ئەمریکا هەستا بە پارێزگاریکردن لە شەخسی سادات خۆی.

لە هەمان ساڵدا نیکسۆن بەهۆی ئابڕووچوونی وەتەرگەیتەوە دەستی لە کارکێشایەوە و جێڕاڵد فۆرد جێگای گرتەوە.

لە ساڵی ١٩٧٥ جەنگی نێوخۆی لوبنان دەستیپێکرد کە بۆ ماوەی زیاد لە ١٥ ساڵ بەردەوامبوو، زیاد لە ١٢٠ هەزار کەس لەو شەڕەدا کوژران. ئەم شەڕە زۆر زەبری لە دۆسییەی فەڵەستینی دا چونکە ڕێکخراوی ئازادی فەڵەستینی بەشداربووی ئەو جەنگە بوو.

لە ساڵی ١٩٧٦ سوپای سوریا هاتە لوبنان بۆ کۆنترۆڵکردنی دۆخی لوبنان و سەرکوتکردنی فەڵەستینیەکان، چونکە حافز ئەسەد پێی وابوو کە نابێت لایەنە فەڵەستینیەکان ئازاد و سەربەخۆ بن بەڵکو دەبێت لە ژێردەسەڵاتی سوریا دابن بۆ ئەوەی کارتی فەڵەستینی لە دەستی سوریادا بێت لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا وە هەروەهاش بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاریبێنێت. جێگای باسە ئەم شەڕەی لوبنان،ئیسرائیل سوودمەندی سەرەکی بوو تێیدا.

**لەساڵی ١٩٧٧ کۆمەڵێك ڕووداو روویاندا کە ڕۆڵیان هەبوو لە ڕێکەوتنی کامپ دێڤد،**

١- مناحم بێگنی سەرۆکی پارتی لیکود بووە سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل کە ئەمەش یەکەمجاربوو لە مێژووی ئیسرائیل دا پارتێکی ڕاستڕەو بێتە سەر حوکم.

٢- جیمی کارتەری ئەندازیاری کامپ دێڤید بووە سەرۆکی ئەمریکا

٣- لە (١٩٧٧/١١/٩) ئەنوەر سادات لەبەردەم ئەنجوومەنی گەل دا ڕایگەیاند کە ئامادەیە بچێتە ئیسرائیل بۆ چەسپاندنی ئاشتی لە ناوچەکەدا.

لە شانزەی هەمان مانگ دا سادات سەردانی سوریا دەکات بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی بۆ دەستپێشخەریەکەی، بەڵام حافز ئەسەد ڕەتیکردەوە و پێی ڕاگەیاند چوون بۆ قودس مانای تەسلیم بوونە نەوەك ئاشتی.

بەمەش سادات تەنها مایەوە، چونکە نەك پاڵپشتی عەرەبی نەبوو بەڵکو دووان لە وەزیرەکانی خۆشی بەهۆی دەستپێشخەریەکەوە دەستیان لەکارکێشایەوە، کە ئەوانیش
١- ئیسماعیل فەهمی/ وەزیری دەرەوەی میسر ٢- محمد ڕیاز/ وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوە بوون.

لە (١٩٧٧/١١/١٩) سادات سەردانە مێژوویەکەی بۆ ئیسرائیل دەکات لە لایەن گەورە بەرپرسانی وڵاتەوە پێشوازی لێدەکرێت، ڕۆژی دواتر لەبەردەم کنێستدا وتارە مێژوویەکەی پێشکەش دەکات.کە جەختی لە چارەسەریدۆسییەی فەڵەستینی دەکردەوە بەوەی ئەمە تاکە هەنگاوە بۆ بەدیهێنانی ئاشتی ڕاستەقینە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

لە کۆتا ڕۆژی سەردانەکەیدا کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ بێگن بەست کە زیاد لە دووهەزار ڕۆژنامەنووس و پەیامنێری جیهانی ئامادەیبوون.

لە کاتی سەردانەکەیدا بۆ ئیسرائیل ڕاستەوخۆ هەریەکە لە (جەزائیر- سوریا- لیبیا) پەیوەندییەکانیان لەگەڵ میسردا پچڕاند. سادات وایدەزانی کە ئەم سەردانەی دەبێتە هۆی زیادکردنی گوشار لەسەر بێگن و کارتەر و گەلەکانیان بۆ بەدەمەوەهاتنی داواکاریەکانی، بەڵام سادات لەمەدا هەڵە بوو.

لە ١٩٧٧/١٢/٢٥ مناحێم بێگن وەکو یەکەم بەرپرسی ئیسرائیلی لە مێژوودا بە شێوەیەکی ئاشکرا سەردانی میسردەکات ، کە ئەمەش دەبێتە ڕێگا لەبەردەم گەشتەکانی بەرپرسانی هەردوو وڵات بۆ لای یەکدی بە شێوەی ئاشکرا.

لە ئازاری ساڵی ١٩٧٨ دا لەسەروبەندی هێرش و داگیرکاری ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان بێگن پەیامێك بۆ سادات دەنێرێت کە پێی ڕادەگەیەنێت ئۆپەراسیۆنێکی سنووردار دەکەمە سەر باشووری لوبنان بە مەبەستی لاناوبردن و دەرکردنی ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەڵەستینی لەو ناوچانەدا، هیوادارم تۆ نەبیتە بەربەست لەبەردەم ئەم هەنگاوەی سوپای ئیسرائیلی!

لە مانگی هەشتی ساڵی ١٩٧٨ دا کارتەر داوا لە سادات و بێگن دەکات بەوەی بێنە ئەمریکا و لە ئاستێکی باڵا باس لەسەر کێشە و ناکۆکیەکان بکرێت.

بێگن و سادات لە ١٩٧٨/٩/٥ گەیشتنە کامپ دێڤید بۆ بەڕێوەچوونی دانوستاندن لە نێوان میسر و ئیسرائیل دا لە ژێرچاودێری ئەمەریکادا.

دانوستاندنەکە ١٣ ڕۆژی سەختی تێپەڕاند و لە ڕۆژانی کۆتایدا محمد ئیبراهیم کاملی وەزیری دەرەوەی میسر دەستی لەکارکێشایەوە بە هۆی هەڵوێستەکانی سادات، بەمەش بووە سێهەم وەزیری میسری دەست لەکاربکێشێتەوە لەوکاتەدا.

لە ١٩٧٨/٩/١٧ ڕێکەوتنامەی کامپ دێڤید لەسەر حسابی دۆسیەی فەڵەستینی لە نێوان میسر و ئیسرائیل دا مۆرکرا، بەجۆرێك کە لە ماوەی ٣ ساڵدا گشت سەرباز و مەدەنیەکی ئیسرائیلی

له بیابانی سینادا بکشێنەوە، لەبەرامبەر دا میسر نەوت بە نرخی هەرزان بداتە ئیسرائیل وەهەروەها ڕێگەبدات بە هاتوچۆی کەشتی ئیسرائیلی لە کەناڵی سوێسدا، ئەمانە و چەند خاڵێکی تری پەیوەست بە ئاشتی و نەهێشتنی ناکۆکی لە نێوان هەردوولایەندا و کردنەوەی پەیوەندی دیپلۆماسی و کلتوری....هتد لەنێوان هەردوولادا.

بۆ زانیاری خوێنەرانیش لەم ڕێکەوتنەدا بیابانی سینا کرا بەسەر سێ بەشدا (A,B,C)

لەبەشی (A)یدا سوپای میسری دەتوانێت بە شێوەیەکی دیاریکراو چەکی قورس و سەربازی تێدا دابنێت.

لەبەشی (B)یدا دەبێت ژمارەی سوپای میسری کەم بن و چەکی قورسیان پێنەبێت

لەبەشی (C)یدا دەبێت تەنها پۆلیسی میسری بەچەکی سوکەوە لەوناوچەیەدا بن .

سادات و بێگن خەڵاتی نۆبڵی ئاشتیان بەهۆی کامپ دێڤیدەوە لەو ساڵەدا وەرگرت. دوای کامپ دێڤید وڵاتانی عەرەبی پەیوەندیان لەگەڵ میسردا پچڕاند و بارەگای زانکۆی عەرەبی لە قاهیرەوە گواسترایەوە بۆ تونس.

هەروەها نارەزایی و خۆپیشاندانێکی زۆر لە دژی سادات بەڕێوەچوو لە شەقامی عەرەبیدا.

لە(١٩٨١/١٠/٦) سادات بەهۆی کامپ دێڤیدەوە تیرۆردەکرێت و ساڵێك دواتر ئیسرائیل لوبنان داگیردەکات و کوشتارێکی زۆردەکات، بەمەش ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەڵەستینی لە لوبنانەوە کۆچدەکەن بەرەو تونس.

لە ئێستادا کە ئەم ڕستانە دەنووسم ٤٠ ساڵ زیاتر بەسەر ڕێکەوتنی ئاشتیدا ڕۆیشتووە، بەڵام ئەوەی لێمان دیت جگە لە خوێن و وێرانکاری هیچی دیکە نەبوو، ئەسڵەن ئیسرائیل توانی لەم ڕێگەیەوە جیهانی عەرەبی پەرت بکات و بیانداتە یەك، وەکو هەمیشە.

## رایەرینی یەکەمی فەڵەستینی....دەروازەیەك بۆ ئۆسلۆ:-

لە (١٩٨٧/١٢/٨)شۆفێری لۆریەکی ئیسرائیلی هەڵدەستێت بە شێلانی کۆمەڵێك کرێکاری فەڵەستینی کە دەبێتە هۆی کوژران و برینداربوونی زیاد لە ١٠ کرێکاری فەڵەستینی ئەمەش وادەکات ڕق و کینەی فەڵەستینیەکان بەرامبەر ئیسرائیلەیەکان بتەقێتەوە و ڕاپەڕینێکی گەورە لەلایەن فەڵەستینیەکانەوە بەرپابێت کە بەڕاپەڕینی بەرد ناسرا. دوای چەند ڕۆژێك لە (١٩٨٧/١٢/١٤) شێخ ئەحمەد یاسین لەگەڵ کۆمەڵێك لە هاوکارانیدا (بزووتنەوەی حەماس) ڕادەگەیەنن. کەلەگەڵ جیهادی ئیسلامیدا ڕۆڵیان دەبێت لە کردەوەی چەکداریدا لە دژی ئیسرائیل.

لەساڵی (١٩٨٨) دا شاحوسێنی ئەردەن دەستبەرداربوونی خۆی ڕاگەیاند لەکەناری ڕۆژئاوا بۆ بەرژەوەندی فەڵەستینیەکان ئەمەش سوودی هەبوو بۆ عەرەفات کە لە گۆنگرەی نیشتیمانی فەڵەستینیدا لە جەزائیر دەوڵەتی فەڵەستینی ڕابگەیەنێت.

لەدوای ساڵی ١٩٩٥ جیهان و ناوچەکە گۆڕانکاری گەورەی بەخۆیەوە دەبینێت کەلەسەر ئاستی جیهانیدا یەکێتی سۆڤیەت رووخا، لە ئاستی ناوچەکەشدا جەنگی خلیجی دووهەم بە داگیرکردنی کوێت بەرپابوو.

ئەمەش ڕێگە بۆ دانوستاندنی شاراوەی فەڵەستینی ئیسرائیلیەکان خۆش دەکات بۆ گەیشتن بە ئەنجامێك.

لە ساڵی ١٩٩١ هەردوولا لە مەدرید بەنهێنی کۆبوونەوە، بەڵام بەهۆی زۆری خاڵە جیاوازەکانەوە ئەم ڕێکەوتنە کە بەڕێکەوتنی مەدرید ناسرا شکستی هێنا.

دووبارە هەردوو لایەن لە ساڵی ١٩٩٣ بەسەرپەرشتی نەرویجەکان لە ئۆسلۆ بەنهێنی کۆدەبنەوە بۆ ڕێکەوتنێکی دیکە. کەئەمەش بەڕێکەوتنی ئۆسلۆ دەناسرێت کە لە ١٩٩٣/٩/١٣ بەرەسمی لەلایەن ڕیکخراوی ئازادیخوازی فەڵەستینی و حکومەتی ئیسرائیلی بەسەرپەرشتی ئەمریکا لە کۆشکی سپی ئیمزادەکرێت.

## گرنگترین خاڵەکانی ڕێکەوتنەکە:-

**١-** ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەڵەستینی بەڕەسمی دان بەشەرعیەتی دەوڵەتی ئیسرائیلیدا دەنێت کە (٧٨%)ی خاکی فەڵەستینی مێژووی دەگرێتەوە**!** هەروەها هەموو کارێکی توندوتیژی دژی ئیسرائیل ڕادەگرێت.

٢- ئیسرائیل بەرەسمی ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەڵەستینی وەکو نوێنەری شەرعی گەلی فەڵەستینی دەناسێنێت.

٣- لەماوەی (٥) ساڵدا ئیسرائیل لە کەناری ڕۆژئاوا و غەزەدا دەکشێتەوە بەچەند قۆناغێك.

٤- لەوماوەیەدا ئیسرائیل دەبێت ئۆتۆنۆمی بداتە گەلی فەڵەستینی لەسەر ئەو خاکانەی کە لێی دەکشێتەوە، ئەمەش واتە حوکمی زاتی بۆ فەڵەستینیەکان نەوەك دەوڵەتێکی خاوەن سیادە و سەربەخۆ.

٥- پاش (٣) ساڵ لە ڕێکەوتنەکە دووبارە دانوستاندن دەکرێتەوە لەسەر تەوەرەکانی (قودس-ئاوارەکان و مافی گەڕانەوەیان-نیشتنگەی جوولەکەکان لە کەناری ڕۆژئاواو کەرتی غەزەدا-هەماهەنگی ئەمنی نێوان پۆلیسی فەڵەستین و سوپای ئیسرائیل)

٦- ئیسرائیل بەرپرس دەبێت لە پاراستنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی (چونکە نابێت دەسەڵاتی فەڵەستینی سوپای هەبێت).

٧- دروستکردنی دەزگای پۆلیسی فەڵەستینی لە ناوچەی حوکم زاتیدا.

ئەم ڕێکەوتنە بووە هۆی دروستبوونی (سوڵتەی فەڵەستینی)و یاسر عەرەفاتیش بووە یەکەم سەرۆکی سوڵتەی فەڵەستینی.

بزووتنەوەی حەماس و بەرەی میللی و بەرەی دیموکراتی ڕێکەوتنەکەیان رەتکردەوە و بەداگیرکاریەکی نەرم وەسفیانکرد، چونکە بەم ڕێکەوتنە شەرعیەت درا بە داگیرکردنی (٧٨%)ی خاکی فەڵەستینی.

دوای ڕێکەوتنی ئۆسلۆ چەند ڕێکەوتنێکی دیکە کرا بەڵام هەموویان وەکو ئۆسلۆ تەنها حبری سەر وەرەقە بوون چونکە وەک هەمیشە ئیسرائیل بەڵێنەکانی ناباتە سەر ئەگەر لەبەرژەوەندی خۆی نەبێت.

لە ساڵی ٢٠٠٠دا بێڵ کلینتۆنی سەرۆکی ئەمریکا بانگهێشتی هەریەکە لە یاسرعەرەفات و ئێهود باراکی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیلی بانگهێشتی کامپ دێڤید کرد بۆ ئەوەی لەسەر قۆناغی دووهەمی ئۆسلۆ (دوای پێنج ساڵ) ڕێکەوتنێکی کۆتایی بکەن و چارەسەری کێشەکان بکەن، بەڵام بەهۆی کەلەڕەقی هەردوولاوە ڕێکەوتنەکە شکستی هێنا چونکە تەرکیزی هەردوولایان لەسەر حەرەمی پیرۆزی مزگەوتی ئەقسا و هەیکەلی سلێمان بوو، بەواتایەکی دیکە گشت کێشەکان لە لایەك ئەو ناوچە پیرۆە لە لایەك.

لەسەرەتا عەرەفات وتی ڕۆژهەڵاتی قودس دەبێت لەژێر دەسەڵاتی فەڵەستینیەکاندا بێت، باراك ڕەتیکردەوە.

دوای ناکۆکی و چەند ڕۆژێکی پڕ لە گفتوگۆ، باراك ڕۆژهەڵاتی قودسی دا بە عەرەفات بەڵام بەو مەرجەی حەرەمی پیرۆز لە ژێر دەسەڵاتی ئیسرائیلدا بێت، عەرەفات ڕەتیکردەوە و ڕایگەیاند بە بێ حەرەمی پیرۆز و ئەقسا بەهیچ شتێك ڕازی نابم.

(کاتی خۆشی ڕژێم ڕۆژهەڵاتی کەرکوك کە زۆرینەی کوردنشین بوون خستە بەردەم مەلا موستەفا، بەڵام مەلاموستەفا ڕەتیکردەوە ڕایگەیاند شاری کەرکووك شارێکی کوردستانیە نابێت بەش بەشبکرێت. پۆڵ بریمەر لە کتێبەکەیدا (ساڵەکەم لە عێراقدا) دەڵێت گێڕانەوەی کەرکووك بۆ پێش تەعریبکردنی بوو بوویە ئەرکێکی پیرۆز بەنسبەت بارزانیەوە بۆیە لەوتارەکانیدا دەیوت کە کەرکووك قودسی کوردستانە، پێموت یەك قودس هەیە لە جیهاندا کەبەتەنها خۆی زۆرێك لە گرفتی ناوەتەوە،بۆیە پێشنیارم کرد واز لەو شوبهاندنە بهێنێت.

ئەمەش دەرخەری گرنگی هەردوو شاری کەرکووک و قودس بۆ چارەسەرکردنی دۆسیەی کوردی و فەڵەستینی دەردەخات)

دواتر بەهەوڵی کلینتۆن دەستپێشخەریەك کرا بەوەی قاتی خوارەوەی حەرەمی پیرۆز لەژێر دەسەڵاتی ئیسرائیلی دا بێت و قاتی سەرەوە لەژێر دەسەڵاتی فەڵەستینیدا، باراك و عەرەفات ڕەتیانکردەوە.

ئەمەش گرنگی قودس و حەرەمی پیرۆز دەردەخات بۆ ئێمە. ڕێکەوتنی کامپ دێڤیدی باراك و عەرەفات شکستی هێنا بەمەش ڕێکەوتنی ئۆسلۆ دوای چەندین ساڵ نەك بەرەو پێش نەچوو بەڵکو لە زۆر ڕووەوە دۆسیەکەی بردەوە دواوە.

## ڕاپەڕینی دووهەمی فەڵەستینی (٢٠٠٠-٢٠٠٥):-

دوای شکستی کامپ دێڤید گەلی فەڵەستینی کوڵابوون لە توڕەیدا ئەم توڕەیەش کاتێك تەقیەوە کە ئێرل شارۆن بەیاوەری (٢) هەزار چەکدار حەرەمی مزگەوتی ئەقسایان بەزاند.

بەمەش ڕووبەڕوو بوونەوە دەستی پێکرد و ناونرا ڕاپەڕینی دووهەم کە بەڕاپەڕینی فیشەك ناسرا چونکە ئەمجارە گەلی فەڵەستینی بە چەکەوە ڕووبەڕووی ئیسرائیلیەکان بوونەوە، ئەمەش وایکرد زۆر خوێناویتر و وێرانتربێت لەچاو ڕاپەڕینی یەکەمدا (١٩٨٧-١٩٩٣).

شارۆن کەلە ٢٠٠١ دا بووە سەرۆك وەزیران فەرمانیدا بەگەمارۆدانی عەرەفات لە بارەگای سەرۆکایەتی فەڵەستینیدا لە ڕامەڵا کە زیاد لە دوو ساڵی خایاند و بەکۆچی دوایی عەرەفات لە ٢٠٠٤ دا (گومان لە مردنەکەی دەکرێت بەوەی ژەهرخوارد کرابێت) کۆتایی هات.

هەروەها لەم ڕاپەڕینەدا ئیسرائیل شێخ ئەحمەد یاسینی دامەزرێنەری بزووتنەوەی حەماسیان تیرۆر کرد. لەم ڕاپەڕینەدا حەماس بۆ یەکەمجار مووشەکی دروستکرد و ئاڕاستەی ئیسرائیلی کرد. دوای خوێن ڕژانێکی زۆر لە هەردوولادا لە ساڵی (٢٠٠٥) ئاگربەست کراو ڕاپەڕینەکە کۆتایی پێهات.

بەڵام ئەوەی کۆتایی پێنەهات زوڵم و ستەمی ئیسرائیلە لەسەر منداڵ و بێتاوانی فەڵەستینی کە تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆمان بەردەوامە.

لە ئێستادا کەرتی غەزە لەژێر دەسەڵاتی حەماسدایە، کەناری ڕۆژئاواش بەشێوەیەکی ڕووکەشی لەژێردەسەڵاتی فەتح دایە، بەڵام سنووری کەناری ڕۆژئاوا بەدەست ئیسرائیلە لەگەڵ (٦٠%)ی کەناری ڕۆژئاوا لەژێردەسەڵاتی عەسکەری و مەدەنی ئیسرائیلدایە.

لەساڵی ١٩٩٨دا دوای هەوڵێکی زۆری عەرەفات توانرا بۆ یەکەمجار فڕۆکەخانەیەکی نێودەوڵەتی لەژێردەسەڵاتی سوڵتەی فەڵەستینیدا بکرێتەوە، بەڵام چونکە لە بەرژەوەندی ئیسرائیل نەبوو لە ساڵی ٢٠٠١ دا سوپای ئیسرائیلی بۆردومانی فڕۆکەخانەکەیان کردو لەناویان برد.

## ١٩ بڕیاری نەتەوەیەکگرتووەکان دەربارەی ناکۆکی عەرەب-فەڵەستین لەگەڵ ئیسرائیل دا کە جێبەجێ نەکراون:-

بێگومان دەیان بڕیار دەربارەی چارەسەری کێشە و ناکۆکی عەرەب و ئیسرائیل دەرچووە کە زۆرینەیان جێبەجێ نەکراون، لێرەدا ١٩ بڕیاری دیار دەخەمە ڕوو کە جێبەجێ نەکراون.

١- بڕیاری (١٩٤) لە ١٩٤٨/١٢/١١ دەرچووە سەبارەت بەگەڕانەوەی ئاوارە فەڵەستینیەکان و قەرەبووکردنەوەیان.

٢- بڕیاری ٢٣٧

٣- بڕیاری ٢٤٢

٤- بڕیاری ٢٧١

٥- بڕیاری ٣٣٨

٦- بڕیاری ٤٦٨

٧- بڕیاری ٤٦٩

٨- بڕیاری ٥٩٢

٩- بڕیاری ٦٠٥

١٠- بڕیاری ٦٠٧

١١- بڕیاری ٦٠٨

١٢- بڕیاری ٦٣٦

١٣- بڕیاری ٦٤١

١٤- بڕیاری ٦٧٢

١٥- بڕیاری ٦٨١

١٦- بڕیاری ٦٩٤

١٧- بڕیاری ٧٩٩

١٨- بڕیاری ١٨٦٠

١٩- بڕیاری ٢٣٣٤

## (تێگەیشتن لە دۆسیەی فەڵەستینی بە نموونەیەکی ئاسان)

وادادەنێین تۆ خانوویەکی ٤ ژووریت هەیە و ژیانێکی ئاساییت هەیە، بەڵام ڕۆژێك لە دەرگات دەدەن دەڵێن ئێمە ژوورێکی خانووەکەتمان دەوێ و دەمانەوێت تێیدا بژین و هیچ کرێیەکیشت نادەینێ. بێگومان تۆش ئەم داوایە ڕەتدەکەیتەوە (ئەم داواکردنی یەك ژوورە لەسەر فەڵەستین جێبەجێکرا لە ساڵی ١٩٤٧ بەپێی بڕیاری ١٨١ی نەتەوەیەکگرتووەکان و فەڵەستین ڕەتیکردەوە).

دوای ماوەیەك دێن و بە هێرشکردن و شەڕ ٢ ژووری خانووەکەت لێدەستێنن و تۆش داوای مافی خۆت دەکەیتەوە ئەوانیش دەڵێن ئێ ئێمە پێش شەڕەکە بەخۆشی پێمانگووتی و ویستمان بە ئاشتیانە ڕێکەوتنەکە بکرێت بەڵام تۆ ئاشتیت نەویست بۆیە ئێمەش بەچەك ڕێکەوتنەکەمان کرد**!!!**.

(فەڵەستین دوای جەنگی ١٩٤٨ داوای خاکەکەی کردەوە وتیان ئەی ئێمە قەراری ١٨١مان پێشکەش نەکردی تۆ ڕەتتکردەوە**!**).

بەم شێوەیە پاش زوڵم و ستەمێکی زۆر دووبارە دێنەوە ژوورێکی دیکەت لێدەستێنن واتە ئەوان ٣ ژوور تۆش ١ ژوور**!**

(جەنگی ١٩٦٧).

پاشان تۆ لە ماوەی لەدەستدانی ئەم ٣ ژوورە بەشێکی خێزانەکەت ڕۆیشتوون دەتەوێ بیانهێنیتەوە لەو ژوورەی کە ماوە پێکەوە بژین بەڵام داگیرکەری ٣ ژوورەکە ڕەتی دەکاتەوە دەڵێ ئێمە منداڵەکانمان جێگەیان کەمە بۆیە دەبێت لەو ژوورەدا لەگەڵ تۆدا بژین (کەمپە نایاساییەکانی ئیسرائیل و ڕێگەنەدانی بە گەڕانەوەی پەنابەرەکانی جەنگ بۆ فەڵەستین).

پاش ئەوەی تۆ ئەو هەموو زوڵمەت لێدەکرێ دێی و داوای مافی خۆت دەکەی چەکیان لە دژ هەڵدەگری دەڵێن ئەها تیرۆریست ئەمە تیرۆریستە دەیەوێ دەرمانکات و بمانکوژێت**!!!**.

ئەم سیاسەتەی سەرمایەداریە لەسەر هەموو گەلانی جیهان تاقی دەکەنەوە بە ئێمەی کوردیشەوە!.

## (چارەسەرێك بۆ كێشەی ناكۆكی نێوان فەڵەستین و ئیسرائیل)

دەوڵەتانی عەرەبی کە ٢٢ دەوڵەتی عەرەبین لەگەڵ ئیسرائیلدا لەهەمان قالبی مۆدێرنەی سەرمایەداریدان بۆیە هەر شەڕ و پێکدادان و گرژیەك لە نێوانیاندا ڕووبدات هیچ ئەنجامێکی نابێت تا ئەو کاتەی دەوڵەتانی عەرەبی لەو قاڵبی مۆدێرنەی سەرمایەداریدا دێنەوە دەرەوە، چونکە ئەوەی لەچەند دەیەی ڕابردوودا ڕوویداوە وەکو شەڕی مشک و پشیلە بووە جگە لە کوشتار و وێرانی ئەنجامێکی یەکلایکەرەوەی لێنەکەوتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەردوو لایەن لەهەمان قاڵبدان، ناکرێت تۆ و دوژمنەکەت لەسەر هەمان سیستەمبن و شەڕی نەمانی یەکدی بکەن.

ئیسرائیل لەمێژە سیاسەتێکی زیرەکانەی بۆ دابەشکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ چەندین دەوڵەتی نەتەوەیی کردووە.چونکە دەوڵەتی نەتەوەیی هۆکاری زۆربوونی قازانج و زیادبوونی خۆسەپاندنی سەرمایەداریە، ئێ بەدروستکردنی چەندین دەوڵەت بۆ تورك و عەرەب دەرگای بۆ سەرمایەداری کردەوە کە بتوانێت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگرێتەوە بەمەش یاریەکە بۆ ئیسرائیل ئاسان بوو ئەوەی ویستی لە دروستبوونی کیانێك بەدیهێناو و پەرەی پێدا.

بە ٢٢ دەوڵەت نەیانتوانی دژی سیاسەتی ئیسرائیل بوەستنەوە، بەڵام کوردێك توانی قودس فەتح بکات.

بۆچی؟

لەبەر ئەوەی سەڵاحەدینی ئەیوبی بە سیستەمێکی جیاواز و ئایدۆلۆژیایەکی پتەوە دژیان وەستاوە، سیاسەتێکی ئیسلامی پەیڕەودەکرد نەوەك وەك عەرەبی ئێستا کە دینێکی ڕووکەشی سەرمایەداریانە پەیڕەودەکەن کە ئەمەش هەربەشێکە لە سیاسەتی ئیسرائیل کە لە ماوەی ٢٠٠ ساڵی ڕابردوودا خستویەتە بواری جێبەجێکردنەوە.وەك وتراوە ناکۆکی درێژخایەن دەلالەت لە سیاسەتی هەڵەی بەرە ناکۆکەکان دەکات.

# بۆچی دەوڵەتی نەتەوەیی پەسەندنیە؟

لە دەوڵەتی نەتەوەیدا ئەو دەوڵەتە تایبەت دەبێت تەنها بەنەتەوەیەکی دیاریکراو و پشتگوێخستنی نەتەوە و ڕەگەز و دین و لایەنەکانی دیکەتێیدا سەرەڕای بانگەشەکردنی بۆ پاراستنی نەتەوەکانی دیکە.لەدەوڵەتی نەتەوەیدا هەمیشە دەکەویتە ململانێ و جەنگ لەگەڵ دەوڵەتان و دراوسێکانتدا بەهۆی جیاوازی نەتەوایەتیەوە.
لەدەوڵەتی نەتەوەیی خەبات و سیاسەت و چالاکیەکانت تەنها لەو سنوورە جوگرافیەی دەوڵەتەکەتدا کۆدەبێتەوە.

سەیری تورکیا و ئیسرائیل و وڵاتانی دیکەی نەتەوەپەرست بکەن بزانە بارودۆخی سیاسیان چۆنە، هەمیشە لە ناکۆکی و پێکداداندان لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ و نەتەوەجیاوازەکانی نێو وڵاتەکانیاندا.سەیرێکی سویسرابکە دەبینی چەندین زمان و قەومیەتی تێدایە کەچی وڵاتێکی ئارام و پێشکەوتوو و دڵگیرە، بەڵام سەیرێکی تورکمانستان و تورکیا بکە بزانە بارودۆخی سیاسی و نەتەوەجیاوازەکانی تێیاندا چۆنە.

سەرکردەکانی دەوڵەتە نەتەوەیەکان و سەرکردە جیهانی و ئەنتەرناسیۆنالیستەکانیش جیاوازن چۆن؟

بۆ نموونە نازانی سەرکردەی وڵاتە ئەفریقی و وڵاتە نەتەوەییەکانی دیکە کێن بەڵام کە باسی ئازادی هیندستان دەکرێت ڕاست خەیاڵت بۆ گاندی ئەچێت،

گاندی بە پارچەیەك قوماش و پێی پەتیەوە بەڵام بەهێز بەبڕوای مرۆڤایەتی توانی سەربەخۆیی هیند بەدەستبێنێت و ببێتە سیمبولێکی جوانی سادەیی و خەباتی ئاشتی.

کەباسی خەباتی ڕەشپێستەکان دەکرێت یەکسەر خەیاڵت بۆ ماندێلا و مارتن لۆسەر کینگ دەچێت بەبێ ئەوەی بیر لە وڵاتەکەیان بکەیتەوە چونکە خەباتەکەیان تەنها لە پارچەیەکی جوگرافیدا بچووکنەکردبۆیەوە بەڵکو خەباتێکی جیهانی و مرۆڤایەتیان دەکرد. کە باسی خەباتی مرۆڤایەتی دەکرێت فکرت بۆ ناوی پێغەمبەرمان موحەمەد دەچێت (د.خ) بەبێ ئەوەی پەیوەستی بکەیت بە وڵاتێك و نەتەوەیەکی دیاریکراوە. کە باسی خەباتی هەژاران دەکرێت خەیاڵت بۆ گیڤارا دەچێت نەوەك جۆرج بۆش و سەرۆکەکانی دیکە،لەکاتێکدا گیڤارا دەیگوت خەباتەکەی من لە نێو دڵی ملیۆنان هەژاری جیهاندایە بەبێ جیاوازی نەتەوە و دین و باوەڕیان.

جارێکیان لە کۆنفڕانسێکی فرانسیس فۆکۆیاما ئامادەبووم باسی لەوە دەکرد ئەگەر تۆ بێیت بۆ ئەمەریکا و باسی کوردایەتی و خەباتی کورد بکەیت هیچ بە هیچ ناکەیت بەڵام ئەگەر بە تیۆرێکی سیاسی فراوان و پێشکەووتوو خەبات بکەیت ئەوە ئەتوانی ڕای جیهان و گشتی بۆ لای خۆت ڕاکێشی.

**(بەوچەکە شەڕ لەگەڵ دوژمنەکەت مەکە کە خۆت لێی دەترسی، بەڵکو بەوچەکە شەڕی لەگەڵ بکە کە خۆی لێی دەترسێ)**

## گرێبەستی سەدە:-

لەدوای هاتنە سەر دەسەڵاتی ترامپ هەنگاوەکان بۆ تەسفیەکردنی دۆسیەی فەڵەستینی خێراتربوو بەهۆی نزیکی ترامپ لە لۆبی جوو. یەکەم هەنگاوی ترامپ گواستنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا بوو لە تەلئەبیبەوە بۆ قودس و بەڕەسمی ناساندنی قودس وەکو پایتەختی ئیسرائیل لەلایەن ئەمەریکاوە، دووهەم هەنگاو داخستنی بارەگای ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەڵەستینی لە ئەمەریکا و بڕینی هاوکاریەکانی ئەمەریکا بۆ گەلی فەڵەستین. لە ئێستادا ترامپ لە چاوەڕوانی ڕاگەیاندنی پرۆژەیەکە بەناوی گرێبەستی سەدە (صفقة القرن)!

## گرێبەستی سەدە چیە؟

تا ئێستا بەڕوونی ناوەڕۆکەکەی کەشف نەکراوە، بەڵا ئەوەی لە زمانی ئیسرائیلی و ئەمریکیەکان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەستی پێدەکرێت ئەوەیە کە خاکێك لە بیابانی سینادا دیارییکرێت بۆ فەڵەستینیەکان بۆ ئەوەی دەوڵەتی فەڵەستینی لەسەر ڕابگەیەنن واتە گواستنەوەی گشت فەڵەستینیەکان لە خاکی خۆیاندا بەرەو بیابانی سینا. ئەم پرۆژەیەی ترامپ بەهاوکاری دارایی وڵاتانی خلیجەوە بەڕێوەدەچێت کە ئەمەش واتە تەسفیەکردنی دۆسیەی فەڵەستینی، بۆیە سەرکردایەتی و گەلی فەڵەستینی بەتوندی دژی ئەم پرۆژەیە ڕاوەستانەوە. بەربەستێکی دیکەی بەردەم پرۆژەکە ئێران و حزبوڵای لوبنانی و مقاوەمەی فەڵەستینیە. ئێران لە ڕێگەی حزبوڵا و مقاوەمەی فەڵەستینیەوە سەر ئێشەیەکی گەورەی بۆ ئیسرائیل چونکە حزبوڵا لەباکووری ئیسرائیلەوە مقاوەمەی فەڵەستینیش لەکەرتی غەزەوە خاوەنی سوپا و هەزاران مووشەکی زیرەکن.ئەمەش بۆتە هۆی پێکدادانی زۆری ئەو دوولایەنە لەگەڵ ئیسرائیلدا کە دیارترینیان جەنگی ساڵی ٢٠٠٦ ی نێوان ئیسرائیل و حزبوڵای لوبنانی کە

بەسەرکەوتنی حزبولا کۆتایهات لەگەڵ جەنگی ساڵی ٢٠١٤ی نێوان ئیسرائیل و بزووتنەوەی حەماس. بۆیە ئەمریکا و ئیسرائیل بەهەموو شێوەیەك هەوڵی لاوازکردنی ئێران دەدەن بۆ ئەوەی نەتوانێت هاوکاری ئەم هێزانە بکات

## چارەسەر و پێشنیار:-

زۆرێك لە پێشنیار پێشکەشکراون بۆ چارەسەرکردنی دۆسیەی فەڵەستینی کە دیارترینیان بەڕەسمی ناساندنی دەوڵەتی فەڵەستین لەسەر نەخشەی ساڵی (١٩٦٧) و پاشان ڕاگەیاندنی کۆنفدراڵی لە نێوان ئەردەن و فەڵەستیندا. ئەم پێشنارە لەلایەن فەتح و ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەڵەستینیەوە قبوڵکراوە، بەڵام لەلایەن بزووتنەوەی حەماس و جیهادی ئیسلامیەوە ڕەتکراوەتەوە چونکە حەماس باوەڕی بەدەوڵەتی ئیسرائیلی نییە لەسەر خاکی فەڵەستین ڕایگەیاندووە کە دەبێت دەوڵەتی فەڵەستینی لەسەر نەخشەی ساڵی (١٩٤٨) دروستبکرێت واتە پێشدروستبوونی ئیسرائیل. بۆیەش چەك و مووشەکەکانی دانانێت تا دەوڵەتی فەڵەستینی لەسەر تەواوی خاکی فەڵەستین دروستنەکرێت کە پایتەختەکەی (قودس) بێت.

ئیسرائیل بۆیە دژی ئەم چارەسەرەیە چونکە دروستبوونی دەوڵەتێکی فەڵەستینی لەسەر نەخشەی ساڵی (١٩٦٧) واتە لەداستدانی ڕۆژهەڵاتی قودس و حەرەمی پیرۆز بۆ فەڵەستینیەکان کە ئەمەش هەرگیز ئیسرائیلیەکان قبوڵی ناکەن.

لە ئێستادا کەرتی غەزە لەلایەن بزووتنەوەی حەماس جیهادی ئیسلامیەوە کۆنترۆڵکراوەو بەڕێوەدەبرێت و کەناری ڕۆژئاواش بەشێوەیەکی ڕووکەشی لەلایەن فەتحەوە بەڕێوە دەبرێت(چونکە زیاد لە ٦٠%ی کەناری ڕۆژئاوا لەژێردەسەڵاتی ئیسرائیلدا بەسنوورەکانیشیەوە) بزووتنەوەی حەماس و فەتح ناکۆکی توند لە نێوانیاندا هەیە لەڕووی تێڕوانینیان بۆ چارەسەرکردنی دۆسیەی فەڵەستینی. ئەم ناکۆکیەشیان زۆرترین زەبری لە دۆسیەکەیان داوە. کە بێگومان ئیسرائیل دەستی لەم ناکۆکیانەدا هەیە وەك چۆن دەستی لە ناکۆکیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە بۆ ئەوەی تەرکیزەکان لەسەر خۆی لاببات لە ڕێگەی ناکۆکی خستنە نێو جیهانی عەرەبی و ئیسلامیەوە


کەناری ڕۆژئاوا






گۆڕستانی شەهیدانی سوپای عێراق- فەڵەستین




ڕاپەڕینی دووهەم




**ئەردەن ــفەڵەستین**






"MAGELLAN Geographix (800) 929-4627 www.maps.com"

المناطق العازلة، بدلاً من الحدود الآمنة (إتفاقية السلام مع مصر)

المنطقة (أ) منطقة محدودة القوات والأسلحة (مصر).

المنطقة (ب) منطقة عمل حرس الحدود فقط (مصر).

المنطقة (ج) منطقة وجود شرطة مدنية فقط (مصر).

المنطقة (د) منطقة محدودة القوات والأسلحة (إسرائيل).

المصدر: وزارة الخارجية المصرية، معاهدة السلام بين مصر وإسرائيل وإتفاق الحكم الذاتي في الضفة والقطاع، القاهرة، ١٩٧٩، ص ٧١

**نەخشەی بیابانی سینا دوای کامپ دێڤید**

## مناحێم بێگن لە لیستی داواکراوانی پۆلیسی بەریتانیادا








ڕاپەڕینی دووهەم




گەڕانەوەی یاسر عەرەفات بۆ فەڵەستین دوای ٢٧ ساڵ دووری



یاسر عەرەفات - جەمال عەبدولناسر




ڕێکەوتنی ئۆسلۆ



ڕێکەوتنی کامپ دێڤید



یاسر عەرەفات نەتەوەیەکگرتووەکان-١٩٧٤



یاسر عەرەفات- ماندێلا




ڕێکەوتنی کامپ دێڤید



سوپای میسر دوای تێکشکاندنی هێڵی بارلیف- ١٩٧٣



ئاوارەبوونی فەڵەستینیەکان




٢ – الخريطة (١) الخاصة بالحدود الدولية وخطوط المناطق

نەخشەی بیابانی سینا دوای کامپ دێڤید




نەخشەی مێژووی فەڵەستین



سوپای ئیسرائیلی دوای جەنگی شەش ڕۆژە





سوپای ئیسرائیلی دوای جەنگی شەش ڕۆژە






سوپای ئیسرائیلی دوای جەنگی شەش ڕۆژە




تاوانەانی سوپای ئیسرائیلی



دەرکردنی دایکێکی فەڵەستینی




داگیرکاریەکانی ئیسرائیل



یاسر عەرەفات- ئۆریانا فالاچی



یاسر عەرەفات



ئەو پارچە زەویەی کە زۆرترین دوژمن و ناکۆکی لەسەرە



مزگەوتی ئەقسا

